# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل10

بەشی سیانزەهەم


ساڵی هەشتەم ژمارە (182) بەرواری 15-1-2025

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


وتەی ژمارە

# ئایا دەسەڵاتی هەرێم لە بەغدا دەکشێتەوە!!


عەبدوڵا مەحمود


لە کوبونەوەی نائاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم! بەرواری ١١/١/٢٠٢٥ و دواتریش لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی وتەبێژی حکومەتدا! پرسی کشانەوەی هەرێم لە بەغدا وەکو بژاردەیەک خرایە روو. چ سەرۆکی حکومەتی هەرێم و چ وتە بێژەکەی، هۆکاری دەستبردن بۆ ئەو بژاردەیان بۆ پابەند نەبوونی بەغدا بە دابینکردنی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم، خستە ڕوو.



هێنانە گۆڕی پرسی کشانەوەی حکومەتی هەرێم لە پرۆسەی سیاسی عێراق، بارانێک لە ئاسمانی بۆ هەوردا نییە. هەروەها پرسی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم، هۆکاری سەرەکی بۆ نمایشکردنی ئەم ئەگەرە نییە، بەڵکو دەست بردن بۆ ئەو کارتە ریشەی لە دۆخی سیاسی ناوچەکەو ئاڵۆگۆرەکانی ئەم دوایەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بەدیاریکراوی سوریادا هەیە.

- گوشارەکانی ئەمریکا و غەرب بۆسەر دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا، بەدوای ئەو گورزە سیاسی و سەربازیانەی بەر جەستەی ئیران وەکو کاراکتەرێکی ناوچەیی کەوت و ئەو ئاڵوگۆرەی لە سوریادا پێکهات، دەرگای کردۆتەوە بۆ ئەوەی باڵادەستی ئیران لە عێراقدا لاواز بکات. لەو راستایەدا پرسی هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارەکان پرسێکی سەرەکییە. ئەمریکا و غەرب و بەدیاریکراوی ئەمریکا دەیەوێت عێراق بخاتە بەردەم بژاردەی داماڵینی چەک لە هیزە نایاسایی و حزبییەکان، ئەمەش لەلایەکەوە گورزێک دەبێت لە باڵادەستی ئیران و لەلایەکی تریشەوە، عێراق رووبەرووی دۆخێکی تازە دەکاتەوە، دۆخێک کە ریشەی لە لاوازی سوپا و هیزە چەکدارەکانی عێراقدایە لە بەرامبەر بە هیزە میلیشیاییەکان، کە تا ئێستا هیزی بەرەنگاری و کاراکتەری بریاردەرە لە عێراقدا.

ئەم دۆخەی کە رووبەرووی عێراقە، دەسەڵاتی سیاسی رووبەرووی ئاڵۆزی


بۆ لاپەڕە 2


## فرۆشتنی تاقیگە پزیشکیەکان بە کەرتی تایبەت، هێرشە بۆسەر چینی کرێکار و نەدارانی کۆمەڵگە...



لەچوارچێوەی هێرشی بەردەوامی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و پارێزەری سەرمایە بۆسەر ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و دەست تەنگانی کۆمەڵگە، هەواڵی فرۆشتنی تاقیگەی خەستەخانە گشتیەکان بە کەرتی تایبەت، لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە بڵاوبۆتەوە... هەوڵێکی لەو چەشنە و فرۆشتنی ئەو تاقیگانە بەکەرتی تایبەتی، قورسایەکی یەکجار زۆر


بۆ لاپەڕە 3


## خەڵکی کوردستانی سوریا پێویستیان بە کۆمەك و هاوپشتی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوبەوە و تکشکاندنی ملهوری دەوڵەتی تورکیا...







دوای ئەوە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی بنەماڵەی ئەسەد لە سوریا، لە رێگای ئۆپەراسیۆنێ هاوبەشی" هەیئەی تەحریری شام "سوپای نیشتیمانی سوریا" بە پشتیوانی و هاوکاری دەوڵەتی تورکیا، بەشێوەیەکی پێشبینی نەکراو کۆتایی هات، دەوڵەتی تورکیا خۆی وەکو براوە لە سوریادا


بۆ لاپەڕە 3


## ئەوەی ڕویدا لە سوریا تەنها ڕوخانی دیکتاتۆرێك نەبوو، بگرە کارەساتی هاتنی وەحشییەکیش بوو...

ڕاپۆرتی: عەلی مەحمود محەمەد...ل 9

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- بەشار ئەسەد چۆن لەدەسەڵاتدا مایەوە.................................................ل4
- بەهادین بەکر دارتاش"ڕێبوار عارف" وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە..................ل5
- مەترسیەکانی سەرهەڵدانی نیو فاشیست و راسترەوی توندڕەو بۆ ساڵی ٢٠٢٥....ل6
- کەمپەینێك بەدژی شەپۆلی ئیعدام و لە سێدارەدان......................................ل6




## دۆسیەی ژمارە "هۆکارەکانی ڕوخانی رژێمی بەشار ئەسەد و لێکەوتە و ئایندەی"

هاوڕێ میرۆ عەبدولکەریم وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل 11-12


ل7_8 | گۆشەی ئەدەب و هونەر | ل5 | پرسی رۆژ

# درێژەی وتەی ژمارە

و ئەزمەیەکی قوڵ کردۆتەوە و خەریکە رەوەندی رابردوو دەگۆرێت، پرسی سەقامگیری سیاسی دەخاتە گرەوی بژاردەی تازەوە. ئەگەر پیشتر دەسەڵاتی سیاسی باڵادەست لە عێراقدا دەیویست گرفتەکانی بەردەم قوتبی کردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندا، بەدەستی خۆی و لەڕیگای دادگای فیدرالی بە ئاکام بگەیەنێت، و هەوڵ بۆ ئەوەبوو پرسی دەسەڵاتە لوکاڵی و فیدرالیەکان، پرسی هێزی چەکدار و هێزە میلیشیاییەکان و ئەمنی، پرسی نەوت و دارایی و سنور، بخاتە ناو چوارچیوەی دەسەڵاتی فیدرالی ناوەندییەوە، ئێستا ئەم پرۆژەیە بەکردەوە و لەدۆخی تازەی ناوچەکەدا رووبەرووە لەگەڵ چەندین گرفتی تازە.

زیاد بوونی هەرەشەکانی ئەمریکا و غەرب بۆسەر دەسەڵاتی بەغدا بۆ دورکەوتنەوە لە ئیران و لە پیشیانەوە، هەڵوەشاندنەوە هیزە چەکدارە میلیشیایی و حزبیەکان. هەرەشەی دوبارە بوونەوەی سیناریۆی سوریا لە عیراقدا، کە هەم زەمینەی هەیەو و هەم هێزی بەدیل بۆی ئامادەن، هاوکات دۆخی ناوخۆیی عێراق و پەرتەوازەیی ریزەکانی بۆرژوازی، چوونە سەری باڵانسی باڵادەستی دەوڵەتی تورکیا لەناوچەکە.... هەموویان بەیەکەوە عیراقیان خستۆتە بەردەم دۆخێکی تازەو سەختەوە.

لەم دۆخەدا دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد، لەگەڵ ئەوەدا خۆی ئامانجێکی دەوڵەت و حکومەتی عێراقە و توانراوە تا رادەیەکی زۆر پەڕ و باڵی بکرێت، بەتایبەتی لە پرسی نەوت و ئابوریدا، بەڵام دوبارە هەرەشەی ئەمریکا و غەرب لەلایەک بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم بەوەی هیزە چەکدارەکانیان یەک بخەن، لەلایەکی تریش هەرەشەی داهاتووی بەغدا کە هێزی چەکداری حزبی نەمێنێت و ببێتە بەشێک لە سوپای عێراق و بەیاسایی کردنی، لە کاتێکدا پرسی نەوت و ئابوریشی لەدەست دەرهێنراوە، دەیەوێت راسانێک لەخۆی نیشان بدات و لە رێگای بەدەستەوە گرتنی پرسی پابەند نەبوونی بەغدا بە فیدرالیزمی هەرێم!! لەوانەش پرسی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم، گوشار بخاتە سەر بەغدا و ببێتە بەشێک لەو گوشارانەی رووبەرووی بەغدان.

ئەوەی وا لە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دەکا بەهرەبەرداری لە دۆخی تازەی ناوچەکە و هەرەشە و ئاگادارییەکانی ئەمریکا و غەرب بۆسەر بەغدا بکات و خۆی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ و باڵادەستی ئێستای هیزەکانی ناوچەکەدا بگونجێنێ. پیش هەر شتێک لەبەرچاوگرتنی ئەو واقعیەتەیە کە کاریگەری روداوەکانی ناوچەکە بەپلەی یەکەم رووی لە دەوڵەت و حکومەت و دەسەڵاتی ناوەند و بەغدایە، و جغرافیای هەرێم کەمتر هەژموونی دەرەکی کاریگەری لەسەری دەبێت. دیارە دەسەڵاتی هەرێم و بزوتنەوەی کوردایەتیش کە ئوڵفەتیان بە کەڵک وەرگرتن و لە ئاڵۆزی و قڵشت و ململانێی ناوچەیی و ناوخۆی گرتووە، ئەو دۆخە بە دەرەتانێک دەزانێت، تا لە رێگایەوە جوڵەیەکی نوێ لەخۆی نیشان بدات.

لە دڵی ئەو دۆخەدایە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، بەتایبەتی پارتی دەیەوێت بە بەدەستەوەگرتنی کارتی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی عێراق، عێراق بخاتە بەردەم مەترسی لێک دابران و ناسەقامگیری و لە گۆشەیەکی ترەوە گوشارەکانی تیکەڵ بە گوشارەکانی ناوچەکەو دنیا بکات کە رویان لە عێراقی دوای روخانی سوریاو لاوازبوونی پیگەی ئیرانە لە ناوچەکەدا. تا لەو رێگایەوە هەم بەر بە گوشارەکانی بەغدا بگرێت و هەمیش بەشێک لە خواستەکانی بەتایبەتی لە پرسی موچە شایستە داراییەکانی هەرێمدا بەسەر بەغدادا بسەپێنێت.

ئەوەی کە شانس نادات بەدەسەڵاتی هەرێم، ئەو ئامانجانەی بێتە دی، لەلایەکەوە دۆخی ناوخۆیی ریزەکانی بۆرژوازی کورد و بێ ئاسۆیی و دارمانی پەیوەندی و متمانەیەتی بە خەڵکی کوردستانەوە.

کارتی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی عێراق لەلایەن بۆرژوازی کوردەوە، لە کاتێکدا خودی ئەم دەسەڵات پەنایەکی تری نییە خۆی پێوە بلکێنێ و ئامادەیی تیادا پەیدا بکات. لە کاتێکدا بژاردەیەکی تر و کارتێکی تری بەدوور لە پرۆسەی سیاسی عیراق بەدەستەوە نییە. لە کاتێکدا دەسەڵاتێکی بێزراو بێ پایەی جەماوەری و تەنانەت خەڵکی کوردستان خوازیاری کۆتاییهاتن بەو دەسەڵاتەن. لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی شەقکراوی دەستی دوو دەسەڵات و بنەماڵەی حزبییە. لە کاتێکدا هیزێکی ئامادەی چەکدار و رێکخراوی بۆ بەرگری لەخۆی نییە... درۆیەکی گەورەیەو تەنها کارتیکی پوچە لە دۆخی تازەی عیراق و ئەو گوشارە تازانەی رووبەرووی بۆتەوە، دیارە خودی پرسی کورد چوونەسەری ئاستی ئەم پرسە لە ناوچەکەو لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وەکو ئاکامی بەرەنگاربوونەوەی هیزەکانی رۆژئاوا لە دژی داعش، دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆجێی جیاواز و بە مۆدێلێکی نادینی و ناقەومی، بوونی مافی ژنان و مافی هاوڵاتی بوون، بەهرەمەند بوون لە هیزێکی رێکخراوی چەکدار، دۆسیەکی ترە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە عێراقدا دەیەوێت وەکو خۆ بەخاوەنکردنی نیشان بدات و کەڵک لەو پرسە وەربگرێت، بەڵام بۆرژوازی کورد لە عێراقدا بەو کارنامەیەی هەیەتی و بەو دەسەڵاتە ستەمکارە تاڵانچی و دژە ئینسانیەی هەیەتی ناتوانێت ئەوە وەکو دۆسیەیەک لە بەرامبەر بە بەغداد و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بەدەستەوە بگرێت، بۆیە ئامانج لە هێنانە گۆڕی پرسی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی عێراق، لەلایەکەوە بۆ گوشار خستە سەر بەغدایە بۆ بەدەستەوەگرتن و بەردەوام بوونی دابەشکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم و بەفەرمی ناساندنی "هەژماری من" و لەلایەکی تریش هەوڵێکە تا بە خستنە رووی دیواندنی بەغدا و تاوانبارکردنی بە برێنی موچەی موچەخۆرانی هەرێم و شایستە داراییەکانی، ئۆباڵی شکستی خۆی لە نەتوانینی وەڵامدانەوە بە پرسی موچەو خزمەتگوزارییەکان، بخاتە سەر شانی بەغدا. ئەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکی کوردستان بڕوا بە پروپاگەندە بانگەشەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ناکەن و تەنانەت بەشی زۆری دانیشتوانی هەرێم، خۆشباوەرن بە بەغدا و بە خاوەن حەقی دەزانن، بەتاییەتیش کە دەبینن دەسەڵاتی هەرێم پابەندی هیچ کام لە رێکەوتنەکانی لەگەڵ بەغدا نابێت و ئامادەنییە داهاتی و ناوخۆ و نەوت رادەستی بەغدا بکات.

تا ئەو جێگایەش کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و هیزەکانی لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر کیشەیەکدا لەگەڵ بەغدا دوبارە پرسی پابەند نەبوونی بەغدا بە فیدرالیزم دەهێنەوە گۆڕ، ئەوە مەسەلەیەکی تەواو ریاکارانەیە و ئەوەی بەغدا لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دەیکات بەتاییەت لە پرسی ئابوری و داهات و فرۆشتنی نەوت و سنور و پەیوەندییەکان...تاد، بەتەواوەتی رەنگدانەوەی پیادەکردنی دەستور و فیدرالیزمە. ئەو فیدرالیزم و دەستورەی کە سەرانی وردو درشتی بۆرژوازی کورد وەکو دەستکەوت دەرخواردی خەڵکی کوردستانیان دەدا و وەکو سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردی شانازییان پێوە دەکرد.

**ناوەراستی جەنیوەری ٢٠٢٥**

**ئەوەی بەغدا لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دەیکات بەتاییەت لە پرسی ئابوری و داهات و فرۆشتنی نەوت و سنور و پەیوەندییەکان...تاد، بەتەواوەتی رەنگدانەوەی پیادەکردنی دەستور و فیدرالیزمە. ئەو فیدرالیزم و دەستورەی کە سەرانی وردو درشتی بۆرژوازی کورد وەکو دەستکەوت دەرخواردی خەڵکی کوردستانیان دەدا و وەکو سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردی شانازییان پێوە دەکرد....**

**دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، بەتایبەتی پارتی دەیەوێت بە بەدەستەوەگرتنی کارتی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی عێراق، عێراق بخاتە بەردەم مەترسی لێك دابران و ناسەقامگیری و لە گۆشەیەکی ترەوە گوشارەکانی تیکەڵ بە گوشارەکانی ناوچەکەو دنیا بکات کە رویان لە عێراقی دوای روخانی سوریاو لاوازبوونی پیگەی ئیرانە لە ناوچەکەدا. تا لەو رێگایەوە هەم بەر بە گوشارەکانی بەغدا بگرێت و هەمیش بەشێك لە خواستەکانی بەتاییەتی لە پرسی موچە شایستە داراییەکانی هەرێمدا بەسەر بەغدادا بسەپێنێت...**

# درێژەی: فرۆشتنی تاقیگە پزیشکیەکان بە کەرتی تایبەت، هێرشە بۆسەر چینی کرێکار و نەدارانی کۆمەڵگە...

دەخاتە سەر چینی کرێکار و بێبەشانە کۆمەڵگە و نرخی هەر پشکنینێک چەندین جار دەباتە سەرەوە کە ئەمە لە توانای بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەدا نییە. ئەوە لە کاتێکدایە کە موچەی موچەخۆران و فەرمانبەران لەلایەکەوە کەم و لەلاییەکی تریشەوە ئەو موچە کەمەش، بە پاساوی جۆراو جۆر دوادەخرێت یانیش نادرێت.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، کە ئامادەی هەڵگرتنی هیچ بەرپرسیاریەتیەک بەرامبەر بە هاوڵاتیانی نییە، کەچی بەدەیان و سەدان رێگا، بەردەوامە لە هێرش بۆسەر ژیان و گوزەران و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان. ئەگەر لە بەشێک لە وڵاتانی دنیا هەندێک لە خزمەگوزارییەکانی کەرتی گشتی دەفرۆشرێت بەکەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان، لەلایەکەوە رەچاوی داهاتی هاوڵاتیان وتاک و لەلایەکی تر دەوڵەت تارِادەیەک پابەندی بەرپرسیاریەتییە و کۆمەک دەکات تا هەموان بتوانن کەڵک لە خزمەتگوزارییەکان وەربگرن... کەچی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی تاڵانچی هەرێمدا تەنها هیرش و قورسایی خستنە سەر هاوڵاتیان هەیە، بی ئەوەی حکومەت!! و دەسەڵات هیچ بەرپرسیاریەتیەک بخاتە ئەستۆی خۆی. ئەوە جیا لەوانەی لە بەشی زۆری وڵاتانی دنیادا، بەشێک لە خزمەگوزارییەکان بەتایبەت لە زەمینەی تەندروستی و خوێندن و پەروەردە و خزمەتگوازییە کۆمەڵایەتیەکان، بە خۆرایین یان نرخیان زۆر کەم رەمزییە و هاوکات بیمەی تەندروستی هەیە... کەچی دەسەڵاتی هەرێم لە جێگای ئەوەی بە لەبەرچاوگرتنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان چاو لەو سیستەم و دەسەڵاتانە بکات و کار ئاسانی بکات و قورسایی لەسەر هاوڵاتیان هەڵبگرێت، هەر رۆژە بە بریاری نوێوە کە ریشەی لە تاڵانچێتی دایە، هیرشەکانی بۆسەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان زیاد دەکات و خۆیشی لە هەموو بەرپرسیارییەتیەک دەدزێتەوە.

کەرتی تەندروستی گشتی یان "حکومی" یەکێک لە هەستیار ترین کەرتەکانە، کە پیشتر دەسەلات لە رێگای پەراوێز خستنیەوە، رۆژ بەرۆژ لە پێداویستیەکانی دایماڵی، تا هاوڵاتیان ناچار بە چوون بە خەستەخانەو تاقیگە تایبەتیەکان بکات. ئیستاش لە چوارچیوەی ئەو هیرشانەی پێشوویدا دەیەوێت تاقیگەکانی پشکنین، بفرۆشیت بە کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان، بێ ئەوەی گوێ بداتە دۆخی دارایی و داهاتی هاوڵاتیان.

ئەم هیرشەی دەسەڵات، گۆشەیەکی ترو بەڵگەیەکی تری ریسوای دەسەڵاتە و پێویستە رووبەرووی کاردانەوەی خیرای چینی کریکار و جەماوەری دەست تەنگی کۆمەڵگە رێکخراوەکانی بەرگری لە ماف و خزمەتگوزارییەکان ببێتەوە و لە جێگای ئەوە دەسەڵات و وەزارەتی تەندروستی ناچار بکرێت هەم لە بریاری فرۆشینی تاقیگە پزیشکیەکان بە کەرتی تایبەت پەشیمان بێتەوە و هەمیش خزمەتگوازرییە تەندروستی و کۆمەڵایەتیەکان بکات بەخۆرایی و پەرەیان پێ بدات.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بیناو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# درێژەی:خەڵکی کوردستانی سوریا پێویستیان بە کۆمەک و هاوپشتی هەیە بۆ رووبەرووبوبەوە و تکشکاندنی ملهوری دەوڵەتی تورکیا...

دەبینێت و دەیەوێت پیگەو رۆڵی سەرەکی لەسوریادا بگێرێت و وەکو خاوەن ماڵ مامەڵە بکات. لەو چوارچیوەیەدا هەم دەیەوێت دەسەڵاتێکی تەواو مل کەچی خۆی لەسوریادا دابسەپێنێت و هەم هەرچی نەیاری سیاسی خۆی هەیەتی، لە رِێگای هیزە بەکرێگیراوەکانی سەربەخۆیدا، لەبەین ببات. کوردستانی سوریا و دەسەڵاتی خۆبەیۆەبەری یەکێک لە ئامانجەکانی دەوڵەتی تورکیایە.



لە کاتێکدا هەموو جەمسەرە جیهانی و ناوچەییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پیداگری لەسەر سوریایەکی تازە دەکەن کە مافی سەرجەم هاولاتیانی سوریا بپارێزێت، دەوڵەتی تورکیا بەهیرش بۆسەر خەڵکی کوردزمانی سوریا، نەک رێگا بۆ چارەسەری پرس و مافەکانی خەڵکی کورد زمانی سوریا، بەڵکو پایەکانی بەردەوامی دان بە جەنگی ناوخۆیی لە سوریادا دادەکوتێت و دەیەوێت ئەو خوێن بەربوونەی زیاتر لە چوار دەهەیە لە جەنگی ناوخۆیی خۆیدا لەگەڵ پەکەکە بەردەوامی هەیە، بگوازێتەوە بۆ ناو سوریاو ئەو کۆمەڵگەیە بە ناسەقامگیریەکی درێژ مەودا بمێنێتەوە.


دەوڵەتی تورکیا کە لایەنێکی سودمەند لە روخانی ناچاوەروانکراوی رژێمی ئەسەد و دەست کۆتا بوونی ئیرانە لە سوریا، لە جیاتی ئەوەی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و لە رِێگای بەفەرمی ناسینی مافەکانی خەڵکی کورد لە سوریادا دۆسیەی سیاسی کورد دابخات، بە حاشاکردن لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کورد زمانی تورکیا، بەرەیەکی تر چ بەرووی دەسەڵاتی تازە دەستەمۆی خۆی و لەسوریا و چ لە بەرامبەر بە دەوڵەتی تورکیادا دەکاتەوە، کە جگە لە ناکامی بەجێگایەک ناگات...

هیرشە بەردەوامەکانی چەتەو تیرۆسیستەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیا، بۆسەر دەسەڵات و ناوچە کوردنشینەکانی سوریا، لە بنەرەتدا هیرشە بۆسەر ئیرادەی سیاسی ئەو جەماوەری. کە توانیویان بۆ زیاتر لە دەهەیەک ئەو جغرافیایە لە جەنگی ناوخۆیی سوریا بەدوور بگرن، لمۆزی هیزەکانی داعش بشکێنن، مافە فەردی و مەدەنیەکان بیگویدانە ناسنامەی قەومی و دینی بۆ هاوڵاتیان زامن بکەن، یاسای یەکسانی ژن و پیاو بەدەستەوە بگرن، هیزی رێکخراوی چەکداری ژنان و پیاوان بۆ بەرگری لەخۆیان پیک بهێنن و لە ئیستاشدا تەنها دەیانەوێت لە سوریای تازەدا مافە سیاسی سەرەتاییەکانیان بە رەسمی بناسرێت.

دەوڵەتی ناسیونال– فاشیستی تورکیا، کە دەرگیرە لەگەڵ دەیان پرسی ناوخۆیی و بانگەوازی برایەتی کورد و تورک و بانگەشەی گرتنەبەری رێگای چارەسەری دەکات، کەچی لە سوریادا دەیەوێت لە رِێگای زۆر و هیزە نۆکەرەکانیەوە، لە ژێر ناوی" جەنگ لەدژی تیرۆردا" کۆتایی بە دەسەڵاتی خۆبەرِیوەبەری بهێنیت و ئاڵای فاشیزمی تورکی هەڵ بکات.

خەڵکی ئازادیخوازی جیهان و ناوچەکە کە گەواهی دەری هیزی ژنان و پیاوانی کۆبانی بوون بۆ تیکشکاندنی داعش و لە ئیستاشدا گەواهی دەری ئەوەن کە ئەو دەسەڵاتەی لە کوردستانی سوریا ئامادەیی هەیە سەرباری هەر کەم و کورِی و لاوازییەک، دەسەڵاتێکی مەدەنی و ئازادیخوازانەیە و بەرگری لە خواست و مافە سیاسیەکانی خۆیان دەکەن، بۆیە پێویستە بە هەموو شیوەیەک بەرگریان لێ بکرێت و ریگە لەوە بگرن هیزەکانی تورکیا و کریگرتەکانی هیرش بکەنە سەری.

ئەمریکا و غەرب و تەنانەت وڵاتانی ناوچەکە هەموویان دەیانەوێت کوردستانی سوریا وەکو کارتێک لە ململانێی نیوان خۆیاندا بەدەستەوە بگرن، هەر چەشنە خۆشباوەرییەک بەو هیزانە، خۆکوژیەکی گەورەو گورز دانە لەو ئەزموونەی زیاتر لە ١٠ ساڵە لە ئارادایە. تاکە رِیگای پاراستنی ئەم جغرافیایە و بەرگرتن بە خەڵکی کوردستانی سوریا لەهەر هیرش و ملهورییەکی تورکیاو هەر لایەنێکی تر... پشت بەستنە بە ئیرادەی سیاسی و چەکداری جەماوەری رێکخراوی خۆیان و پشتیوانی بەرەی ئازادیخواز و ئینسان دۆست...



# بەشار ئەسەد چۆن لە دەسەڵاتدا مایەوە؟

شۆڕش لە وڵاتانی عەرەبی کە بە بەهاری عەرەبی ناسراوە، بە هۆکاری جۆراوجۆر، لە کاتێکدا دیکتاتۆرەکانی وەک بن عەلی لە تونس و موبارەک لە میسر و قەزافی لە لیبیای هێنایە خوارەوە، لە گرنگترین ئامانجەکانیدا کە بریتی بوون لە گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی باشتر، شکستی هێنا. ئەم بزووتنەوەیە لە بەحرەین بە دەستێوەردانی سعودیە لەناوبرا و لە سوریاش بە ئاڵۆزترین شێوە و لە ڕێگەی دەستێوەردانی هێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا و نوێنەرەکانیان لە ناوچەکە و تورکیا و شێخەکانی کەنداو لەناوچوو، سەرەتا شۆڕشەکە سەرکوتکرا و دواتر لەلایەن ڕژێمی ئەسەدەوە و هاوکاری ئێران و ١٣ ساڵ دواتر، ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لەسەر دەستی ئیسلامییەکانی هەیئەی تەحریری شام کە خۆیان دەرئەنجامی هەلومەرجی ناخۆشی شۆڕشی شکستخواردووی سوریان، کۆتایی پێهێنرا، و بووە سەرەتای گواستنەوە بۆ قۆناغێکی نارۆون. ڕووخانی یەکێک لە کۆنترین دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مانای کۆتایی هاتنی پەیوەندی تایبەتی دیمەشق و تاران دێت کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە نێوان خومەینی و حافز ئەسەد پێکهات. لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١١، سوریا پەیوەندی بەو بزووتنەوەی نارەزایەتییەوە کرد کە وڵاتانی ناوچەکەی تێدا بەشداربوو. دوای ئەو ساتەوەختە ئومێدبەخشە لە سەرەتای سەدەی نوێدا کە بە "بەهاری دیمەشق" ناسراوە، کە تیایدا بەشار ئەسەد، ئەو سەرۆکە گەنجەی لە ساڵی ٢٠٠٠ جێگای باوکی گرتەوە، بەڵێنی کرانەوەی سیاسی لە ڕژێمی عەلەوییەکان دا، کەچی ساڵانێک لە سەرکوت و خنکاندن دەستی پێکردەوە. سەرکوتێکی توند بە خێرایی بۆ نەیارانی ڕژێم دەستیپێکرد. لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠١١ سوپای ئازادی سوریا (ASL)کە زۆربەیان لە سەربازانی هەڵهاتوو پێکهاتبوو، لەژێر دەستی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریادا پێکهێنرا، کە هەوڵی هەماهەنگی بەرخۆدانی دا. سوپای ئازاد بە پشتیوانی وڵاتانی بیانی دژی ڕژێمی ئەسەد نزیک لە ئێران و بە تایبەت وڵاتانی کەنداو تەیار کرابوو. لە هەمان کاتدا ئەو وڵاتانە ئاسانکاری و هاندانی پێکهێنان و ڕێکخستنی گروپە جیهادییەکانیان کرد. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات گرژی و جیاوازی نێوان باڵە جۆراوجۆرەکانی یاخیبوونەکە دەرکەوت. ڕژێمی سوریا کە ئیتر تەنها لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوو هێرشی نەکرابووە سەر، بەڵکو لەلایەن گروپە ئیسلامییەکانی وەک ئەحرار شام، جەیشولئیسلام، جنودی ئەقسا و ئەلحەقیشەوە، ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و خۆی وەک قەڵایەک لە دژی تیرۆری ئیسلامی نیشاندا. لە ئەنجامدا وێنەی ئۆپۆزسیۆن زۆر تاریک و تەمومژاوی بوو.

هاوپەیمانێتی نێوان ئێران و سوریا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. ئەم هاوپەیمانێتییە لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ دامەزرا، بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی دوژمنایەتی نێوان بەعسییەکانی دیمەشق و بەغدا. ئەم هاوکارییە لە وەڵامی کۆمەڵێک ڕەچاوکردندا بەردەوام بوو: یەککگرتنی نێوان شیعەکان، پشتبەستنی هاوبەش بە "بەرەی بەرگری" لە دژی ئیسرائیل، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، وەبەرهێنانی گەورەی سوپای پاسداران لە سووریا، بەتایبەتی لە کەرتی مۆبایل، و پێویستی بەرەنگاربوونەوەی کاریگەری ناوچەیەکی وڵاتانی سوننە کە ئەندامن لە ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو. لە ڕوانگەی سەرکردەکانی ئێرانەوە، پشتیوانی شانشینەکانی کەنداو لە یاخیبووانی سوریا، ستراتیژێکی دژە ئێرانە لە پرۆسەی پشتیوانی لە شەڕی سەدام حوسێن دژ بە ئێران. ئێران لە ساڵی ٢٠١٢ەوە شانبەشانی هێزە دڵسۆزەکانی ڕژێمی سوریا، بەتایبەتی لە ڕێگەی سوپای قودسی سوپای پاسداران و حزبوڵای لوبنان لەو ململانێیەدا تێوەگلاوە. تاران بەرپرسیاربوو لە دابینکردنی دارایی و چەک و پاڵپشتی لۆجستی و ڕێکخستن و ڕاهێنان و پاڵپشتی ئابووری سوریا بە تایبەت لە ڕێگەی هاوردەکردنی نەوت لە شێوەی قەرز.

ساڵی ٢٠١٥ ڕوسیا، لەسەر داوای بەشار ئەسەد، دەستێوەردانی سەربازی لەم وڵاتەدا کرد. ڕووسیا بە دامەزراندنی بنکەیەکی ئاسمانی لە حمەیمیم کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی لازقیە و بنکەیەکی دەریایی لە تەرتوس، بوونی خۆی لە سووریا بەهێزتر کرد. هەروەها یارمەتی ڕژێمی بەشار ئەسەدی دا لە ڕێگەی کۆمپانیا سەربازییە تایبەتەکانی وەک ڤاغنەر و یەکەکانی پۆلیسی سەربازییەوە. لەم دۆخەدا، ڕووسیا بە هێرشی ئاسمانی و هەڵدانی مووشەکی کروز یارمەتی ڕژێمەکەی ئەسەدی دا بۆ ڕزگاربوون و ئەمەش بووە هۆی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری حەلەب لە ساڵی ٢٠١٦دا. جگە لەوەش سوریا وەک مەیدانی تاقیکردنەوە بۆ ئامێرە سەربازییەکانی ڕووسیا بەکارهێنرا. ڕووسەکان هاوشێوەی ئێرانییەکان وەبەرهێنانیان لە ئابووری سوریادا کرد، بەتایبەتی لە کەرتی کانگا و وزە.

ڕژێمی سوریا، تەنانەت پێش ساڵی ٢٠١١، سزای جۆراوجۆری بەسەردا سەپێنرا، کە لەو کاتەوە وردە وردە زیاتر بووە. ئەم سزایانە لە سەرەتادا تەنها بۆ کەس و کۆمپانیاکان سنووردار بوو، بەڵام لەگەڵ پەسەندکردنی یاسای قەیسەر (یاسای قەیسەر بۆ پاراستنی مەدەنی سوریا) لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ لە کۆنگرێسی ئەمریکا، ئەم سنووردارکردنانە فراوانتر کران بۆ ئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان بگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئابووری سوریاوە هەبوو، بەتایبەتی لە بواری وزە و کەرتەکانی بیناسازی.

بەڵام ئەم گەمارۆیانە نەیتوانی کاریگەری گەورە لەسەر دەورووبەری بەشار ئەسەد دابنێت. زۆربەیان ڕێگای جیاوازیان دۆزیەوە بۆ دەربازبوون لە سزاکان و زیادکردنی قازانجەکانیان لە ڕێگەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە، بەتایبەتی کاپتاگۆن (مادەی هۆشبەرێکی دەستکردە کە تادێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەناوبانگتر دەبێ). نەیارانی گەمارۆکان پێیان وابوو ئەم سزایانە، وەک ئەوەی تا ئێستاش جێبەجێ دەکرێن، دواجار کاریگەرییان لەسەر ژیانی خەڵکی ئاسایی هەیە کە بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە قورساییەکی زۆریان لەسەرە و کێشە ئابوورییەکانیانی زیاتر کردووە، بەشار ئەسەد لە دڵی سێگۆشەی ئێران - ئیسرائیل - ڕووسیا دانرابوو. وە بە لاوازکردنی پێکهاتە ڕزیوەکانی ڕژێم و بڕینی چەکی سەربازیی ئێران، بە هەمان ئەو هێزانەی لە ساڵی ٢٠١١دا بەشدار بوون، ڕووخێنرا.

**توانا محەمەد نوری**

**١٢/١/٢٠٢٥**

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net


پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی رۆژ

## دەربارەی بە تایبەتیکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان

## بەڕێز بەهادین بەکر دارتاش ناسراو بە "ڕێبوار عارف" ئەندامی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری وەڵامی پرسەکە داوەتەوە...



**پرسی رۆژ: بەتایبەتکردنی(ئەهلیکردن) دامودەزگای تەندروستی لەکوردستان.**

**یەکێک لەوگۆڕانکاریانەی کەحکومەتی هەرێم دەستی داوەتێ بریتیە لەگواستنەوەی دامودەزگا گشتیەکانی خەڵک وحکومەتە لەکەرتی گشتیەوە بۆکەرتی تایبەت،بەتایبەت دامودەزگا خزمەتگوزارییە ئەساسیەکانی وەک (تەندروستی، پەروەردە، ڕێگەوبان و...تاد). ئەمەش گوزەران وژیانی خەڵکی کەمدەرامەت بەتایبەت زۆر قورستر دەکات وکەم خێزان وکەس دەبێت دەستی پێی بکات.**

**لەم مانگەدا حکومەتی هەرێم دەستیبردووە بۆ گواستنەوەی تاقیگەکانی ناو نەخۆشخانە کشتییەکان بۆکەرتی تایبەت بەنموونە.**

**بەڕێز بەهادین بەکردارتاش ناسراو بە ( ڕێبوار عارف) ئەندامی کۆنگرەی ئازادی وکۆڕانکاری وەڵامی پرسەکەمانی دایەوە:**

**پرسی رۆژ: ڕێکخراوی (کۆنگرەی ئازادی وکۆڕانکاری) چۆنە و کەی دامەزراوە وریشەکەی لەکوێوە هاتووە؟**

**بەهادین بەکردارتاش:** کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری ڕێکخراوێکە بەرهەمی دووسال باسودیداری دەیان کەسایەتی و هەڵسوڕاوی جەماوەری دیارە لە ئاستی سەراسەری عێراق بە کوردستانیشەوە. دەتوانین بڵێین لەم دوو ساڵە زیاتر لە ١٥ کۆڕو کۆبوونەوەو سیمنارو کۆنفرانس وکۆبوونەوەی گشتی ئەندامان، وهەڵسوڕاوانمان لەزۆرێک لە شارەکانی کوردستان و عێراق ئەنجامداوە بۆ لێک نزیک بوونەوەو لێکهەڵپێچانی دەیان هەڵسوڕاو وکەسایەتی، و هاوکات دروستکردنی دەنک و هەڵوێستێکی هاوبەش لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی ئەم ڕێکخراوە. هەروەها خۆجیاکردنەوەو پشت سەرنانی زۆربەی زۆری ئەو شێوەکارو بیرکردنەوانەی کە لە رابردودا بەرۆکی بە ڕێکخراوە جەماوەریەکان گرتبوو، لەپاڵ ئەمەشدا دیارە سوودمەندیش بووین لە مێژووی ئەو ئەزموونەی کە بەهەر کەموکوپەکیشیەوە هێشتا جێگەی بایەخ پێدانە. بەبڕوای من ڕەنگە جەوهەری ترین خاڵی پرشنگداری کاری ئێمە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی رابردمان ئەوە بووبێت کە ئێمە لەم مێژووەدا بە تایبەت لە کوردستان ئیدغامی نارەزایەتیە جەماوەریەکان، و بەڕێکەوت نارەزایەتی دەربڕینێک هەبووە کە کارمان تێدا نەکردبێت، بەتایبەت لە ماوەی پێنج مانگی نارەزایەتی مامۆستایاندا. بە مانایەکی تر؛ ئێمە دەستبەکارو لەدایک بوونی کارمان لەجەرگەی نارەزایەتیەکاندا بووە. هەربۆیە دەتوانین بلێین ڕیشەی دروستبوونی ئێمە لە نێو جەرگەی نارەزایەتیەکانەوە بووە بە ئامانجی سەروسامان پێدان وڕێکخستنی شەقام وئەو نارەزایەتیانە. هەر لێرەشەوە هەموو ئەو هەڵسوڕاو و کەسایەتیانە بە هاوخەبات و هاوکاری ئایندەی خۆمان دەزانین کە لە خەمی ڕێکخستنی شەقام ڕاوەستاونەتەوە دژ بە ناعەدالاتی و ستەمکەری و زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی جەماوەری ستەمدیدە لە سەراسەری عێراق بە کوردستانیشەوە. دیارە کۆنگرەی ئازادی لە ٢٩,١١,٢٠٢٤دا لە بەغدا پایەتەختی عێراقدا بە بەشداری زیاتر لە شەست هەڵسوڕاو وکەسایەتی دروستبووە، لە ٢٢ شارەوە هاتبوون و لەکۆنگرەدا بەشداریان کرد!

**پرسی رۆژ: ئێوە لە ڕێکخراوی (ئازادی وکۆڕانکاری) کەمپینێکتان دەستپێکردووە بۆڕاوەستانەوە لەبەرامبەر ئەو بەتایبەتیکردنە؟**

**بەهادین بەکردارتاش:** بەڵێ ئێمە هاوکات لەگەل ڕاگەیاندنی ئەم هەلوێستەی وەزارەتی تەندروستیدا دەستبەکاربووین و جیاواز لە پەیامی کۆمەلێک لە هەڵسوڕاوانی کۆنگرەو هەڵواسینی شیعارو فلێکس لە شاری سلیمانیدا. هەروەها بانگەوازی کۆمەڵێک هەڵسوڕاو کەسایەتیمان کرد بۆ پشتگیری لەم کەمپەینە کە لە ئاستێکی فراواندا دەیان کەسایەتی پەیامی خۆیان ناردو، ئێمەش لە شێوازی جۆراوجۆردا دەستبەکاری بەرەوپێش برنی کارەکانی ئەم کەمپینەین، کە ڕەنگە تائێستە بەشێکیتان کەوتبێتە بەرچاو، کە جێگەی خۆیەتی ئەوەش بڵێم کارەکانی تائێستەی کۆنگرەی ئازادی و خەڵکانی نارازی سێ جار وەزیری تەندروستی هێناوەتە سەر خەت، و لە تەقەلایەکی زۆردان بۆ بەلارێدابردنی ئەو خەڵکە، بەلام بەردەوام ئاستی نارەزایەتیەکانی ئەو خەڵکە زۆرترو فراوانتر دەبێتەو ئێمە هەموو ڕێکەیەک دەگرینەبەر بۆ پاشەکشە پێکردنی ئەو بریارە!

**پرسی رۆژ: ئامانج لەوکەمپینە چییە ومیکانیزمی راوەستانەوە بەرامبەر ئەم جۆرە لەبڕیاری حکومەت چۆن دەبێت؟**

**بەهادین بەکردارتاش:** لە راستیدا لەم سەرەتای دەستبەکاربوونەماندا ئێمە دەمانەوێت لەم هەڵمەتەدا کار بۆ ئامادەکردنی بیروڕای گشتی و هەڵخراندنی شەقام دژ بەم بڕیارەی وەزارەتی تەندروستی، و ڕاوەستانەوە دژ بەم ستەمگەریەی بکەین کە دەتوانێت لە ئاییندەدا بارگرانیەکی گەورە لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەژارو نەدار دابنێت، چونکە لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم بڕیارەدا؛ زۆربەی زۆری خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیە لە کۆمەڵێک مافی سەرەتایی خۆیان بێبەش دەکرێن کە بەدڵنیایی هەنگاوی زۆر گەورەترو پر مەترسیدارتر بەدوای خویدا دێنێت کە هێشتا نەیانخستووەتە ڕوو. سەبارەت بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان مەسەلەی میکانیزمی کارو چۆنیەتی راوەستانەوەمان دژ بەم بڕیارە؛ وەک خۆتان ئاگادارن سەرەتا ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوان وەک دەستپێکی دەستبەکار بوونمان هاتین پاش بڕیارێکی ڕێکخراوەی بۆ راوەستانەوە دژ بەم بریارە هاتین لە کرتەیەکی ڤیدیۆییدا، ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوان پەیامی خۆمان بڵاوکردەوە لە پەیوەند بەم مەترسیە گەورەیەی کە وەزارەتی تەندروستی دەستی بۆ بردوە. بۆیە ئەو پەیامانەی ئێمە سەرەتایەک لە پەرچەکرادار بەرامبەر ئەوبڕیارە، تا بتوانین زەنگێکی ئاگادار کردنەوەی ئەم دۆخە لێبدەین، ئەوە بوو دواتر دەیان هەڵسوڕاو وکەسایەتی لە شارەکانی کوردستاندا پەیوەستبوون بەم هەڵمەتەوە، و سەرئەنجام لە ئاستێکی باڵادا خەڵکی کوردستان ڕاچڵەکینێکی تیادروستبوو کە ئێستە ئیتر کاتی ئاراستەکردن و سەروسامان پێدانی ئەو دەنگی نارەزایەتیەی کۆمەڵگەیە دژ بەم سیاسەتە دژی ئینسانیەی دەسەڵات، دیارە لە هەنگاوی دووهەمماندا ئەو کۆنگرە رۆژنامەگەریەمان ئەنجامدا کە دەیان هەزار هاوڵاتی بینەرو بیسەری پەیام و ڕاگەیاندنی ئێمە بوون. لەم کۆنگرە ڕۆژنامەگەریەدا. هەروەها لە ئێستەدا خەریکی ئامادەکارین بۆ ڕێکخستنی چەند خۆپیشاندانێک لە هەندێک لە شار وشارۆچکەکاندا. کە بەدڵنیایی ڕێکەو ڕەوشتی تری وەک بەدواچوونی یاسایی، یان هەر بژاردەیەکی ترمان لەبەردەستدایە!

# مەترسیەکانی سەرهەڵدانی نیوفاشست و ڕاستڕەوی توندڕەو بۆ ساڵی ٢٠٢٥!

لە سەرانسەری جیهان، شاهیدی سەرهەڵدانی هێزی سیاسی ڕاستڕەو و نیوفاشیستین و لە هەمان کاتیشدا کزبوون یان پەراوێزخستنی هێزە چەپەکانیشین.
وا دیارە ڕاستڕەوەکان سوودیان لە لاوازی بزووتنەوەی کرێکاری و دابەشبوون و شکستی چەپی تەقلیدی و لاوازی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەرگرتووە بۆ بەدەستهێنانی کۆدەنگی لەسەر بابەتە گرنگەکان بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی سیاسی سەرکەوتوو. ئەم جۆرە سیناریۆیە تەنها چەند دەیە لەمەوبەر بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات کاتێک ڕاستڕەوەکان لە چەند تایەفەیەکی فاشیستی بچووک پێکهاتبوون.
سەرکردە دیارەکانی ڕاستڕەوی نوێ لە ئەمریکا، لاپەڕەیەکیان لە کتێبەکەی گۆبلز دەرهێناوە و ستراتیژێکیان پەرەپێداوە کە تیایدا جلوبەرگ و زمانی چەپەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیان گونجاندوە.
ڕاستڕەوەکان زۆر حەز بە بەکارهێنانی ناوی تەواوی فاشیستە ئەڵمانییەکان دەکەن و نازییش بەکارناهێنن، بەڵکو دەڵێن پارتی کرێکارانی ئەڵمانی سۆشیالیستی نیشتیمانی بۆ ئەوەی بە ئەنقەست فاشیزم لەگەڵ سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و خەباتی کرێکاراندا لە مێشکی خەڵکدا تێکەڵ بکات.
وەک دەزانین هیتلەر درەنگانێک زاراوەی سۆشیالیستی خستە سەر ناوی پارتەکەی بۆ ئەوەی سەرلێشێواوی بچێنێت و دەنگدەرانی چینی کرێکار بەدەستبهێنێت، کە ئەمەی بە سەرکەوتووانە ئەنجامدا. زۆری نەخایاند ناسیۆنال سۆشیالیستەکان وەک لایەنگری پتەوی سەرمایەدارییی نەک سۆشیالیزم بە ڕوونی دەرکەوتن.
ڕەنگە دروستکردنی بەراوورد لە نێوان ئەڵمانیای ساڵانی ١٩٣٠ و جیهانی ئەمڕۆمان گونجاو نەبێت، بەڵام هاوتەریبییەکی بێ گومان هەیە کە دەتوانین لێیەوە فێربین. جارێکی دیکە، وەکو ئەو سەردەمە، سەرمایەداری جیهانی لە قەیرانێکی قووڵدایە و فاشیزم وەکو ڕێگەی دەربازبوون لە قەیران پێشکەش دەکات.
هەروەک چۆن نازییەکان کردیان، نیوفاشیستەکانی ئەمڕۆش، بە سوود وەرگرتن لە نارەزایەتی و تورەیی بەربڵاوی بەشێکی زۆری دانیشتووان سەبارەت بە دۆخی ئابووری و شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکان، هێرش دەکەنە سەر دەسەڵاتداران.
بەڵام ئەمە تەنیا قسەکردنە بۆ ئەوەی سوود لە نارەزایەتی چینی کرێکار وەربگرن؛ ئەوان نیازیان نییە دەستکاری ئەو سیستەمە بکەن کە دەوڵەمەندەکان بۆ خۆیانیان دارشتوە.
ترەمپ کە یەکێکە لە تاوانبارانی سەرەکی "هەواڵی ساختە" چەپەکان تۆمەتبار دەکات بە دروستکردنی هەواڵی ساختە وەک گۆڕانی کەش و هەوا یان دروستکردنی نیگەرانی سەبارەت بە پەتای کۆرۆنا. لە کاتی پەتاکەدا، هەر گفتوگۆیەک لەسەر سەرمایەداری و کارەساتی ڕاستەقینە تێکەڵ بە خەیاڵە مەترسیدارەکانی دژە ڤاکسین و نکۆڵی ئاشکرا دەربارەی کۆڤید-19 بوو، بۆ دروستکردنی گومان، سەرلێشێواوی و ترس.

مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا وەک خەیاڵێک دادەنرێن و گوایە چەپەکان دروستیان کردووە بۆ لەناوبردنی کار و سەپاندنی ڕێوشوێنی گرانبەها بەسەر هەمووماندا. وەک نایجل فەراج، سەرۆکی پارتی ڕیفۆرم بەریتانیا، دەڵێت: "لەوانەیە ئێمە یەکێک لە گەورەترین و گەمژەترین هەڵە لە مێژوودا بکەین بەو شێوەیەی کە زۆر نیگەران بووین لە گەرمبوونی کەشوهەوا."
تادێت هەماهەنگییەکی نزیک لە نێوان گروپە ڕاستڕەوە توندڕەوەکاندا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیە. بۆ نموونە ئیلۆن ماسک، کەسی متمانەپێکراوی ترەمپ، پشتگیری لە فەراج و سەرۆکوەزیرانی هەنگاریا ڤیکتۆر ئۆربان و لایەنگری نیوفاشیست AfDلە ئەڵمانیا دەکات.
لە دوایین هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ئەوروپا، مارین لۆپێن، سەرکردەی ڕاستڕەو و توندڕەوی فەرەنسا، جۆرجیا مێلۆنی، سەرۆکوەزیرانی ئیتالیای بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی یەکبگرن و گروپێکی ڕاستڕەو پێکبهێنن کە دەبێتە دووەم گەورەترین بلۆکی حزبی لە پەرلەمانی ئەوروپا.
لەڕاستیدا، نیوفاشیستەکان و هاوڕێ ڕاستڕەوەکانیان ئێستا گەورەترین گروپ لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا پێکدەهێنن.
هەروەها نیوفاشیزم کە لەلایەن سەرمایەدارییە بەهێزەکانەوە پشتگیری دارایی دەکرێت، فێری ئەوە بووە کە کەڵک لە سۆشیال میدیا وەربگرێت کە فاشیستەکانی ساڵانی سیەکان تەنیا خەونیان پێیەوە دەبینی و توانیویانە لەم بوارەدا چەپەکان تێپەڕێنن.
وەک ئەولەویەتی کار پێویستە چارەسەری ئەو کێشانە بکرێت کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی کرێکاران و خەڵکی کەمداهات دەبێتەوە. ئەگەر نەتوانین ئەمە یان تەنانەت بەشێکیشی ئەنجامبدەین، ئەوا ڕاستڕەوەکان لایەنگرانی زیاتر بەدەستدەهێنین.

**بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم وتارە وەرگرتوە:**

**https://morningstaronline.co.uk/article/far-rights-dangerous-new-playbook-2025**

**توانا محەمەد نوری**

**٨/١/٢٠٢٤**

# کەمپەینێک بەدژی شەپۆلی ئیعدام و لە سێدارەدان لە ئێران دەست پێدەکات

ئەم ماوانەی دواییدا شەپۆلێکی تری دەستگیری و بڕیاری لە سێدارەدانی هەڵسوراوانی سیاسی و جەماوەری و مەدەنی لەلایەن رژێمی مەرگ و سێدارەی ئێرانەوە، بە چری دەستی پێکردۆتەوە. هەر ئێستا بڕیاری لە سێدارەدان بۆ چەند هەلسوراوی مەدەنی و جەماوەری بڕیاری لێداوە. ئەم شەپۆلی لە سێدارەدان و کوشتارە دەستی ئەنقەستە لە کاتێکدایە، کە دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی لەناو خۆیدا لەگەڵ چەندین شەپۆلی بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرەوە ڕوو، لە ئاستی دنیادا تەرک و لە ئاستی ناوچەکەدا گورزی گەورەی خواردووە.




ئەم هێرشانە دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایە بۆسەر هەڵسوراوانی بزوتنەوەی کریکاری و جەماوەری و مەدەنی لە ئێستادا نیشانەی داماوی و ترسە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری، نیشانەی داماوی ئەم نیزامەیە. هەلومەرجی سیاسی ئیران بەجیگایەک گەیشتووە کە هیچ کوشتار و ئیعدام و سەرکوتێک ناتوانێت بەر بە رەوتی روو لەپیشی بزوتنەوە سەرنگونی رژێمی ئیسلامی بگرێت...
لەبەرامبەر بەو هیرش و ملهورییە بەردەوامەی جمهوری ئیسلامی و شەپۆلی لە سێدارەداندا پیویست دەکات گوشارەکان لە هەموو ئاستەکان و بەهەموو شێوەیەک بەتایبەتی لە ئاستی ناوخۆ و ناوچەکەو دنیادا بخرێتە سەر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی و ناچاری بکەن دەست لەو کوشت و کوشتارە هەلبگرێت.
هەر لەو چوارچیوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سیاسی و جەماوەری و هەڵسوڕاوی مەدەنی لە کوردستان کەمپەینێکیان بەدژی شەپۆلی تازەی لە سێدارەدان دەست پێکردووە. ئەمەی خوارەوە دەقی بانگەوازی ئەو کە مپەینەیە کە وەڕێخراوە:
کەمپینی هاودەنگی لەدژی هەبوونی یاسایی لەسێدارەدان
بەپێی زانیارییەکان، حوکمی ئێعدامی چەندین بەندکراوی چالاکی کۆمەڵایەتی ومەدەنی و سیاسی لە دادگاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران فەرمایشی داد وەری درەکراوە کە لەڕۆژانی داهاتوو لەسێدارەبدرێن .
بەو بۆنەوە هەڵمەتێک بۆ ڕێگری لە جێبەجێکرانی حوکمەکەیان دەستیپێکردووە.ئێمە کەلەخوارەوە ناومان هاتووە و واژۆ ئیمزا لەدژی جێبەجێکردنی ئەویاسا دژە ئینسانی یە دەکەین هەروەها پشتیوانی سەرجەم کەمپین و بانگەوازەکانی چالاکی یە مەدەنی و سیاسی یەکانین کە لەهەر شوێن و ناوچەیەک لەدژی جێبەجێکردنی یاسای لەسێدارەدان تێکۆشان وچالاکی ئەنجام دەدرێت .
١-داواکارین بەزووترین کات یاسایی دژە ئینسانی لەسێدارەدان هەڵبوەشێت و نەمێنێت وچیتر جێبەجێ نەکرێت .
٢-داوا لەسەرجەم کەسانی مرۆڤ ودۆست وئازادیخوازو ژیان دۆستان دەکەین هاودەنگمان لەم هەنگاوەدا:
**ناوەکان پیشە شوێنی نیشتەجێبوون....**
**١....**
**٢....**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ریبوار حەمە شەریف



# هونەرمەندو سیاسەت

نەجم محەمەد

یەکیک لەوبابەتانەی کەلەناوەندی هونەری و سیاسیدا گفتوگۆو ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەسەرە بابەتی وهونەرمەندو سیاسەتە. بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم وەک هونەرمەندێک لەدیدوبۆچوونی ئازادانەی خۆمەوە خوێندنەوەیەک بۆ ئەم بابەتە گرنگە بکەم. سەرەتا لەوێوە دەست پێدەکەم کەمەبەستم لە سیاسەت لەڕووی زانستی وکۆمەڵایەتی ومرۆییەوەیە، نەک سیاسەت لەڕووە تەقلیدیەکەیەوە بەمانای ئەوەی کەتۆ کادرو ئەندامێکی حیزبیکی سیاسی بیت و ئابوونەوەی حیزبی بدەیت و بەشداری کۆبوونەوەی حیزبیەکان بیت و پابەندبیت بە پەیڕەو پرۆگرامی حیزبیکەوە وهتد.

من مەبەستم خوێندنەوەیەکە لەدەرەوەی حیزبی سیاسی تەقلیدی ومەبەستم لەسیاسەت لەماناگشتیەکەی سیاسەتە لەواقیعی کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤەکاندا لەنێویشیاندا هونەرمەندان کەبەشێکن لەکۆمەڵگەو لە هەسارەیەکی ترەوە نەهاتوون مەبەستم لەسیاست واتە دیفاع کردن لە ماف وئازادیەکانی ئینسان و وەستانەوە بەرامبەر ستەم وچەوسانەوەی ئینسانەکان. واتە دژایەتی کردنی هەموو جیاوازی وهەڵاوردنێک کەبەرابەر ئینسانەکان دەکری. واتە خەباتکردن بۆژیانێکی باشتر و ئازادو بێ ستەم. واتە دیفاع کردن لەمافی خەڵکی کرێکارو هەژاروزەحمەتکێش. واتە دیفاع کردن لەمافی ژنان ومناڵان. واتە دیفاع کردن لەئازادی بیروڕا ولەئازادی داهێنان کەگەورەترین کێشەی هونەرمەندانە کەزۆر جار کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی وهێزە کۆنەپەرستەکان دەبنە لەمپەڕو سانسۆرو هەڕەشە وفشار بۆسەر هونەرمەندان وداهێنانە هونەریەکانیان .

بەڵێ مەبەستم لەسیاسەت ئەم جۆرە خوێندنەوە گشتیەیە کەلەسەرەوە باسم کرد وتەوزیفکردنی لەهونەردا بەشێوەیەکی ئیستاتیکی وهونەری ئینسانی دوور لەدروشمی حیزبی وسیاسی ودوور لە دەقی ئایدۆلۆژی وتیوری بەشێوەیەک کەخەیاڵی داهێنانی ئازاادانەی تیادا بەیان بکرێت، هەربۆیە من پێم وایە هونەر جۆرێکە لەسیاسەت کردن بەمانا کۆمەڵایەتی وئینسانیەکەی. تۆ تەماشاکە هەموو ئەو هونەرانەی کە ناوەڕۆک وباکگراوندێکی ئینسانی یان چینایەتیان هەیە، لەڤیستیڤاڵە جیهانیەکاندا خەڵاتی یەکەمین وباشترین بەدەست دێنن. بۆیە ناکرێ هونەر لەواقیعە سیاسیەکەی کۆمەڵگە دابڕیت. کاتێک مارکس وئنگڵس مانیفێستیان نووسی پێش ئەوان ئەو واقیع وبزووتنەوە کۆمەڵایەتییە هەبووە، ئەمان تەنها ڕێکیان خستوو و بەزانست و بەمانیفێستیان کرد ئەوان داهێنەرودروستکەری نەبوون، واقیعەکە خۆی لەئارادابوو.

من بۆخۆم لەگەڵ هونەرێکی دابڕاودا نیم لەسیاسەت. بەو خوێندنەوەیەی کەبۆسیاسەتم کردووە من پێم وایە سیاسەت هاتۆتەناو هەموو جومگەیەکی ژیانی ئینسانەکانەوە، ناکرێ تۆ بەبیانوی هونەرو ئیلتیزام وبەبیانوی دروشمی فریوودەرانەی (هونەبۆهونەر) ی چینە دەسەڵاتدارەکان ونیزامی سەرمایەداری کەوەک مارکس دەڵێ نیزامی سەرمایەداری هونەریش دەکاتە کاڵا، بێیت خۆت بدزیتەوە لە وەزیفەو بەرپرسیاری ئەخلاقی وئینسانیەکەی خۆت لەهونەردا کەهونەر بۆخۆی پەیامێکی ئیستاتیکی ئینسانیە وهونەرمەند مرۆڤەو هونەر بۆمرۆڤ دەکرێت، نەک بۆهونەر ئەگەر مرۆڤ دەرهێنین لەهونەرو لەسروشت دا ئەوا هەم هونەرو هەم سرووشت وشک وبێ گیان دەبن.

من پێم وایە هونەر نابێ ببێتە کاڵا، هونەر دەبێت ببێتە ڕێگا بۆهوشیارکردنەوەی مرۆڤ وکۆمەڵگە ودەبێت هونەرمەند لەو ڕووەوە پێشەنگ وپێشرەوبێت، نەک پاسیڤ وتەماشاکەر بێت. دەبێت هونەرمەند گوزارشت لەهەموو موعانات ودەردو ڕەنج ومەینەتی ونەهامەتیەکانی مرۆڤ بکات، نەک بەتەنیا هەر فۆکس بخاتەسەر موعاناتی عەشق وعەتف. کە من عەشق وعەتفم پێ زەرووره گوزارشتی لێ بکرێ، بەڵام خۆمرۆڤەکانی کۆمەڵگە هەرموعاناتی و کێشەی عەشق وعەتفیان نییە، بەڵکو دونیایەک موعاناتی تریان هەیە، وەک بێ کاری بێ نانی بێ خانەیی بێ مافی ونەبوونی ئازادی وهتد .

من دەپرسم باشە بۆ پێتان وایە گوزارشتکردن لەعەشق هونەرجوان وڕاقی دەکات؟ ئەی بۆ گوزارشتکردن لەبێ نانی مرۆڤێ هونەر ناشیرین و ناڕاقی دەکات، ئەی بۆ هەردووکیان مرۆڤ نین ئەی ئەوژنەی کەلە هونەردا تۆبۆعەشقەکەی دەگرییت ودەلاوێیتەوە ئەی بۆ بۆهەمان ژن کەستەمی بەرامبەر دەکرێ کە تیرۆر دەکرێ ئەی بۆ بۆئەو لەهونەرەکەتدا نالاوێیتەوە. من پێم وایە عەشق وخۆشەویستیش لە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا جۆرێکە لەسیاسەت کردن، چوونکە عەشق وعەتف تابۆو قەدەغەکراون .

ئەوهونەرەی کە ئێوە بەڕاقی وجوانی دەزانن هونەرێکی نائینسانی وناشیرینە کەوەک کاڵاو جەستەوسکس سەیری ژن دەکا، نەک وەک بەهاو مرۆڤ ئەوهونەرەی ئێوە زەلکاوی چینی بۆرژواوسەرمایەداری یە.

ئەوهونەرە جوان وڕاقیە کەڕێزو بەهاو شکۆ دەدات بەمرۆڤ ومرۆڤ بەگەورەترین سەرمایە دەزانێت وگوزارشت لەهەموو موعانات ومافەکانیان دەکات.

دروشمی هونەر بۆهونەر دروشمێکی دژە هونەری ئینسانییە...

دروشمێکە بۆرژوازیەت وسەرمایەداری وچینە دەسەڵاتدارەکان سوودی زۆریان لێبینیوەو لەخزمەت دەسەڵاتی ستەمکارانەی ئەوانەدایە، نەک کەخزمەت هونەروئینسانیەتدا .

من پێم وایە ئەم دروشمە شەرمەزاریە بۆهونەرمەند کەهەڵگری بێت. ئەم دروشمە دوورخستنەوەی هونەرمەندە لەپەیامە هونەریە ئینسانیەکەی تاوەکو نەتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لەهوشیارکردنەوەی خەڵک ودەسکاری کردنی ژیان وخەباتکردن بۆژیانێکی باشتر بۆ ئینسانەکان، ئەم دروشمە دابڕانی هونەرمەندە لەواقیعە کۆمەڵایەتیەی کەتیایدا دەژی هەروەک چۆن زۆرێک لە زانا دەروننناسەکان هەموو موعاناتەکانی مرۆڤ دەبەستنەوە بەشیکارە دەروونیەکانەوە کەلەناخی مرۆڤدایەو دایدەبڕن لەواقیعە کۆمەڵایەتیەکەی، کە ئەم شیکارە دەروونیانەی زانا دەروونناسەکانیش ڕاستەوخۆ لەخزمەت چینی دەسەڵاتداری ستەمکاردایە، چوونکە ئەم خوێندنەوە دەروونیەی ئەمانیش ڕێگە بەهێڵانەوەی ستەم لەسەر مرۆڤەکان دەدات. مرۆڤەکان بەلاڕێدا دەبات هیواو ئومێدی گۆڕان بەژیانێکی باشتر لای مرۆڤە ستەملێکراوەکان لەبار دەبات، هەربۆیە هونەرو سیاسەت دوانەیەکی لێکدابڕاون نین وهونەرمەندیش سیاسیەکی واقیعە کۆمەڵایەتی و ژیاریەکەی کۆمەڵگاکەیەتی.



## من چیی بکەم

من چیی بکەم،
چی لە نیشتمان...و
حمدی و شێرکۆ !
بکەم
نان... بەپێی ئازادی
ئازادی... بە پێی نان
ئازادی...بەپێی پیتەکانی
زمان...؟
بم بەخشە... نیشتمان،
ئەم چیرۆکە
بەسوێی ئۆردوگای شۆڕشو
ڕۆژانی ئەنفال...،
ئەچێت...؟


----- ---------- ---------

عەدالەت
عەدالەت ... ئەتوانین.
تەنها لەسەر کاغەز بەرجەستەی
کەین،
هەمیشە ناتوانین،
لە پانتای ژیاندا
هاوسەنگ جێگە ...
بۆ زۆردارو ... زۆرلێکراو
بکەینەوە

سەلام سەعید

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

# هەورێک!



هەورێک، هەورە
نەکەوێتە ژێر پێشبینیەکانەوە
من ئەو هەورەم خۆشدەوێ
وامەرحەبای باران ناکاو
نایەوێ کەس ببینێ و
دەچێتە لەدەشتێکی ڕوت و قووت
تێر تێر دەگرێ و
دەبێ بەعیسای
تۆوێکی مردوو،
هەورێک هەورە
نەکەوێتە ژێر پێشبینیەکان و
بەسواڵە سوالی نوێژەبارانە
کۆنەبێتەوە
منەتی بارینمان بەسەردا نەکا□
هەورێک لەچلەی هاویندا
نەبێ بەچەتری ماڵە لەق لەقێک
سروشت چۆن پرنابێ لەتاوان،
کەی ڕەوایا
شێرێک بۆهەوەس
ملی ئاسکەیەک بشکێنێ و
گورگێک بەرخێک بدا بەتای شانیاو
سەر زمیری بۆ دارستانێکە
شاژنی داستان ئاسکەبێ
نەک بەرازێکی ملکوڵ!
بایەک بایە نەبێ بەکۆیلەی
شەماڵی پەنجەرەی ژنێک
تا درەنگانێ نوستوە...
بەگڤەو یاری ناو سەرێک بەردەوام
بۆ شانەو ئاوێنە دائەنوێ□
بایەک لەناو حەوشەدا خولی
دەست بەتاڵی لێ دا
چۆن دەبێ بەنوێنەری
کۆچی باڵندەکان و
پۆستەچی زەرنەقووتە،
بایەک بایە لەکەلەی ئاسکەیەک
بدا
بیکا بەخۆشەویستی گەریلا"

زستان لەبەردەم دەست و قاچی
کرێکارێک بنیشێتەوەوە
بلێ بمبورە لەخوێن ساردیم!
من ئەو ژنەم خۆش دەوێ
تائیستا زریزەی کچێنی
نەپساندووەوە
لێدانی چرکەکانی دڵی پێوە
قورمیشکردوە،
ژنێک بۆمۆڵەتی خۆشەویستی پیاو
وەرگەڕێ
هەقوایە پیاو "پەنچەر"ش بوو
دڵی خۆی نەگۆڕێت!
لەقوتابخانە ژن وەکو
فەلسەفەو چارەیەک
بۆدەرون ناسازی پیاو بخوێنرێ
چونکو ئامازەو داتاکان دەڵێن
پیاو هەزاربالی هەبێت
دەدۆڕێت بەنیشتنەوەی ژنێک،
بەنیشتنەوەی ژنێک
سەدو یەک خەیاڵ بەخەت دەگری
و
زۆرجار نازانیت بۆچی لەو
شوێنەی□
زۆرمان ئیستاش بەخەونی
ناڵییەوە دەتلێنەوەو
ڕەنگێکی سور دەبینین
هەمان گوڵی مەکتەب و
دارگوڵەکانی دراوسێمان دێنەوە
یادو
چەندجار درکی خۆشی پەنجەی
بریندار کردوین
تاوەکو گوڵێکمان دەست کەوێ،
چەندجار ویستومانە گوڵێک بدەین
بەو مامۆستایەی والەگەڵمان هاوڕێ
بوو،
خۆشەویستی بەزۆر ناچیتە
گیرفانەوە
تۆوەکو کۆتر دانی شیعری
بۆنەرێژی
وەکو جۆگاو دەمی ڕووبار
نەیکەی بەهاوڕێی کەپرو کۆپری و

لەپاییزدا دەم و دۆت لەگەڵیدا
خۆش نەبێ!
ئاخر هیچ وەکو دڵ و سەر
ناکەونە بەر تیرو تانە
کاتێ ڕوی مەسەڵحەت
دەچەرخێنێ ،
لەشوێن پەچای خۆشەویستی ژنێک
هەر ئایەتێکی جوانی تر
بخوێنیتەوە
بەرخی تەمەنت لەنیوە ڕێگا گورگ
دەیخوا!
ئیشق نەیرێسی نابێ بەگلۆڵە
بەدەوریدا نەسورێی
درک پێیەوە دەئاڵێ،
گشت دەنگێکی خۆش شەرت نیە
بێ بەگۆرانی بێژو
شاعیر نابێ بەکۆترباز
بەڵام فەرزە کۆتری خۆشبوێ!
ناتکا بەخاوەن ماڵێکی بەختەوەر
بەڵام دەتکا بەئەکتەرێکی ناو
بەرزترین قولەی خەیاڵ و
لەوانەیە نیگار کێش و
شاعیرێکی باش بین
بەڵام ئیشق و گیرفان
دوو هاوکێشەی دژە باون
دوو سیکەی قیتاری یەکتربرن
من دابەزیم
تۆ دەبێ سەرکەوی...
کێ بۆنی شوشە عەتری شکاوی
کردوە ⁉
لەبیزاریدا شەقی لەبەردی
ڕێگاکان داوە،
باپرواتەوە ماڵی تەنیایی و
کرێچی خەون و خەیاڵ
خۆشەویستی ختۆکەیەکی نامۆیە
سەدجار لەپێش ئاوێنە دەتگۆڕێ.

هۆنراوەی : رووزار

# ڕازی دڵ



ئەڵێ ی چی؟....
ئەم ئێوارە ڕازی دڵم بدرکێنم؟
بەپەنجەی عەشق لە دەرگای دڵت بدەم !
و
تۆش بەپلیکانی
ئەو تیشکە زیوینەی
خۆرا بێیتە خواری
و
تەنیایی ئەمشەوم لابەیت
شەپۆلی ئەم کەنار ئاوە
لە زوانێکدا
بێنینە سەما
وەرە دەستم بەری..
تەنیاتر، لە شەوە منم!
تاریک تر،
لە قوژبنی بێ کەسی
هەرمنم!
منیش وەک تۆ کەس نامبینێ..
جاسوسەکانی چاو
قەڵەمەکانیان هی ڕۆژن
و
نامەی نهێنی چرپەو
ماچی نێوان دوو سێبەری خەیاڵ،
نازانن بخوێننەوە،،،
دەستم بەری..
مەترسە لە سینەی پیاوێک،
کە بەدرێژای...
ماندوبوونی دڵۆپە بارانێک،
هەزارمیل ڕێگەی گرتووە، تا..
بەرلێوی پەرەی گوڵێک بکەوێ
و
شەونمێکی یاقوت ئاسا
ئاورگ جێبهێڵێ....
دە وەرە تۆ:
تەنیایم لەگەڵ بەش کە
تۆ: بە دەنگ و
من: بەشیعرێک،
عەشق......
لەسەر ئێواری ئەم کەنارە
دە نووسینەوە،،،،
من: ناوی تۆ:
تۆ: ناوی من:
بەیانی گەر سپێدەی پۆشی...
نە تۆ: لەوێ دەبی
و
نە من: هیچ ئێوارەیەکی تر،
تەنیایی بەرەو ئێرە...
سەری بێ تۆیم پێ هەڵدەگرێ .

(ڕێبوار حەمەشەریف)

# ئەوەی رویدا لە سوریا تەنها روخانی دیکتاتۆرێك نەبوو، بگرە کارەساتی هاتنی وەحشییەکیش بوو...

راپۆرتی: عەلی مەحمود محەمەد

هەرچەندە لەوەتەی هاتۆتە کۆشکی کۆماری بەردەوام بزەیەکی نەرم لەسەر دەمو چاوێتی, بۆینباخی حەریر لە ملیەتی, ئارام و بێدەنگ خۆی دەنوێنێت و سەر دەلەقێنێت, کەمیش قسە دەکات, بەڵام رابردووی پڕە لە زەبروزەنگ و خوێن و ململانێ و سەرکوتی نەیاران و دۆستەکانی و سەپاندنی هژمۆنیا لە کۆمارەکەی رابردووی ئەدلەبستان, پیاوێکی ئاڵۆزی ستەمکارە.

ئەحمەد شەرع دوای ئەوەی لە 8ی مانگی رابردووو بە پشتیوانی راستەوخۆی تورکیا و قەتەر و زەمینە سازی ئیسرائیل و پشتیوانی ئەمەریکا گەیشتە دەسەلات, لە لایەکەوە بە روکەش دڵنەوایی بە پێکهاتەکانی سوریا و گروپەکانی دیکە دەدات, لە لایەکی دیکەوە لە سەرکوتی بێ پەردەو سەپاندنی دەسەڵاتێکی رەش بەردەوامە, دەستی هێزەکەی لە سەرکوت و کوشت و برو تاڵان و بڕۆ ئاوەڵا کردووە, لە لایەکەوە پەیمانی سوپای یەکگرتوو و دەسەلاتی یەکگرتوو دەدات, لە لایەکی دیکەوە پێچەوانەکەی جێبەجێدەکات دەسەلاتی یەک حیزبی و سوپای یەک رەنگی و پۆلیسی یەک باوەڕی دەسەپێنێت, بە پێچەوانەی وەعدو بەڵێناکن رۆژانە بڕیاری نوێ دەردەکات بۆ چەسپاندنی ئەوەی دەیەوێت, لە بری سێ مانگ بۆ هەڵبژاردن کردی بە چوار ساڵ و 3 ساڵ بۆ نووسینەوەی دەستوور, وەڵامی فەرەنسییەکانیشی بەسەر لەقاندنێکیش نەدایەوە کە هاوکاری سوریا بکەن بۆ نووسینەوەی دەستوور, چونکە نایەوێت ئەوان دەستووری بۆ بنووسنەوە, چونکە لە حکومەتەکەی ئەدلەبستان شەریعەتی ئیسلامی تاکە سەرچاوەی دەستوور بوو.

لە رابردوو ئەزموون هەیە, کۆبونەوەی رێکەوتی 11-9-2017 بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئینقازی سوری, وەڵامی سوریای دیموکرات و حکومەتی کاتی سوریا نەدایەوە لە نووسینەوەی دەستورێکی هاوچەرخ, بۆیە ئەوانیش رەتیان کردەوە بەشداری حکومەتی ئینقازی نیشتمانی لە ئەدلەب بکەن, هەنووکە هەر نایکات, جیاوازییان لە گەڵ داعش ئەوەیە لە بری خەلافە بەرفراوانە جیهانییەکەی داعش, ئەوان حکومەتێکی ئیسلامی بە بەرنامەی داعشیان لە چوارچێوەی جوگرافیای سوریا دەوێت.

باسی فرەیی و دیموکراتیەت دەکات, بەڵام وەزیرەکانی هەموو لە گروپی کۆنی قاعیدەن لەناو هەیئەی تەحریری شام, هەموو لە منداڵدانی قاعیدەوە هاتونەتە دەر, جیناتەکانیان ئاوێتەی تایبەتمەندییان بووە.

### مەکتەبی ژنان

ناوەندێکی بە ناوی مەکتەبی ژنان بە سەرپەرشتی عائیشە دبس کردۆتەوە, گوایە مافی ژنان دەستەبەر کراوە, لێ ناوبراو باوەڕی بە چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامییە و دژی حکومەتی مەدەنی و رێکخراوەکانی ژنانە, لە تویتێکدا نووسیویەتی: گەلی سووریا پێویستیان بە جیاوازی نییە و ئێمەش رێگا بە باوەڕ و فکری جیاواز لە وڵات نادەین.

لە رابردوو لە حکومەتی ئینقازیشدا مەکتەبی ژنانیان هەبووە, واتە نوێ نییە, هیچ کاتێک لە حکومەتەکەی جۆلانی لە ئەدلەب بۆ رۆژێکیش بێت ژنان پۆستی سیادی یان وەزارەتیان وەرنەگرتووە, یەکەم و دوا پۆست و دوا کەس هەر ئەوەندەیە بۆ ژنان لە داهاتووی سوریای محەمەد جۆلانی.

### گواستنەوەی حکومەت لە ئەدلبستانەوە بۆ دیمەشق

دوای 8ی دیسەمبەر شەرع حکومەتەکەی خۆی لە ئیدلبەوە گواستەوە بۆ کۆشکی کۆماری, هەموو پێکهاتەو لایەنە چەکدارەکانی دیکە لە بەشداری حکومەت تەنانەت لە بەخشینی پۆستی سەربازی بێبەری دەکات, لە کۆی بەخشینی 17 پۆستی سەربازی 13یان درایە کۆنە قاعیدەکان, لەو 13یەش حەوتیان بیانین,4 کەسەکەی دیکەش زۆر نزیکن لێیانەوە, لە کاتێدا پۆستی سەربازی بە بیانییەکان دەبەخشێت, 6400 ئەفسەری سوری کە پەیوەندییان بە ئۆپۆزسیۆنەوە کردبوو لە رابردوو, زۆریان چەکیان هەڵگرتبوو دژی ئەسەد لایان لێ ناکاتەوە بە پۆستەکانی خۆشیانەوە, نەک بکرێنە ئەفسەری علوج. هەروەها هەواڵگری بە گروپەکەی خۆی کۆنترۆڵ کرد, لە دوا هەنگاویشدا پەروەردەی گۆڕی بە مۆرکێکی ئاینی, هەمان وانەیە کە لە ئیدلب پەیڕەو دەکرا, هەر لە مێژووەوە یاسای حەمورابی کە باوکی شەریعەتی جوو و ئیسلامە لە مەنهەجی خوێندن لادا, تیۆری پەرەسەندنی نەهێشت, زنوبیای لە مێژوو سڕییەوە, ئیمام عەلی نەما, یاسا بووە شەرع........هتد.

### هەیئەو جۆلانی لە لیستی تیرۆردا

لە کاتێکدا مامەڵە لە گەڵ هەیئەی تەحریری شام و محەمەد جۆلانی دەکرێت, رۆژانە فلیمی پێشوازی و تەوقەو بزەو خەندەی شەرع دووبارە دەبێتەوە, کەچی هێشتا هیچ ولاتێک بە تورکیاشەوە خۆی و پارتەکەی لە لیستی تیرۆر دەرنەکردووە. هەیئەی تەحریری شام لە لیستی تیرۆری "ئەمەریکا, بەریتانیا, تورکیا, کەنەدا, روسیا. ئەرجەنتین, نیوزلەندا, ئوسترالیا, یابان, ئەندەنوسیا, یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان" دایە.

هەروەها ساڵی 2013 ئەمەریکا ئەحمەد شەرعی وەک تیرۆریست دایە قەڵەم, پاداشتی 10 ملیۆن دۆلاری دانا بۆ هەر کەسێک زانیاری لەسەر بدات بۆ دەستگیرکردنی. سەرۆکی ئەمەریکا بایدن بڕیاری دا هەیئەی تەحریری شام و محەمەد جۆلانی لە لیستی تیرۆردا بمێنن, بڕیارە قورسەکەی بۆ ترامپ جێ هێشت.

### حکومەتەکەی شەرع لە ئەدلەب و سەرکوت

هەیئەی تەحریری شام لە رابردووی زۆر نزیک گلاوەتە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی, پێشێلی زەقی مافی مرۆڤ, کوشتنی دەرەوەی دادگا, پیادەکردنی ئیعدام, گرتن و ئەشکەنجەدانی نەیاران, چالاکوان, رۆژنامەنووسان, 22 جۆر ئەشکەنجەی لە زیندانەکانی لە کۆمارەکەی ئەدلبستانی پەیڕەو کردووە.

بۆ ژنان, رێگای گەشتی لە ژنان گرتووە بۆ دەرەوەی ماڵ بە بێ مەحرەم, تاوانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنانی زیندانییان پیادە کردووە, رێگا نەدان بەداواکردنی جیابوونەوە, رێگەنەدان بە خۆجوانکردن, رێگەنەدان بە خوێندنی ژنان, تەنانەت ئەو ژنانەنی منداڵیش بوونە کە شویان کردووە بچنە قوتابخانەو بخوێنن, هەروەها گرتنی بە کۆمەڵی ئەو ژنانەی خێزانی نەیارانی سیاسی حکومەتەکەیان بوونە.

لە ئەدلەبستان بە زۆر دورزییان کردووە



بە ئیسلامی سونی, دەستیان بەسەر موڵکی کریستان و دورزییەکاندا گرتووە.

تاوانی جەنگیان ئەنجامداوە لە چەکدارکردنی مندالان, منداڵیان وەک خۆ کوژی بۆمبڕێژکراو , قەڵغانی مرۆیی و مرۆڤ کوشتن.... بەکار هێناوە.

کۆماری ئەدلەبستانەکەی شەرع, لە ماوەی 4 ساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا, 505 کەسیان کوشتووە, 71یان منداڵ بوونە, 77یان ژن بوونە,22یان لە ژێر ئەشکەنجە مردوونە, تا کاتی روخانی حکومەتەکەی ئەسەد زیندانەکانی 2327 کەسی تێدایە بووە, کات و قەوارە بەراورد بکەین دەیان جاری رژ□ێمەکەی ئەسەد فاشی بووە.

سەرکوتی نارەزایەتی خەڵک بەهۆی پاوانکردنی بازرگانی خۆراک و سەپاندنی باجی زۆر بەسەریا, زنجیرەیەک نارەزایەتی لە ئۆکتۆبەرو نۆڤەمبەری 2019 ئەنجامدرا, بەهۆیەوە 5 کەس کوژران. بەهۆی نارەزایەتی دژ بە سەپاندنی باج بەسەر رۆنی زەیتون, هاوولاتیانی شاری کفر قاسم نوێنەری حکومەتی هەیئەی تەحریر شامیان لە شار دەرکرد , ئەوانیش ئابلوقەی شارەکەیان داو گولە بارانییانکرد. بەهەمان شێوە سەرکوتی قوتابیانی زانکۆی حەلەبیشیان کرد.

لە ساڵی 2020 پۆلیسی ئاینی دانا, وەک ئێران و تاڵیبان و سعودیە, بەلام زوو هەڵی وەشاندەوە, چونکە کۆمەڵگای سوری کۆمەلگایەکی کراوەن قەبوڵیان نەکرد.

### شەڕی ناوخۆیی

ئەوان نەک لە گەڵ هێزەکانی دەرەوەی ئیسلامی سیاسی, بگرە لەناو خۆی ئیسلامی سیاسی بەردەوام لە جەنگی ناوخۆیی لەگەڵ گروپەکانی دەرەوەی خۆیان و ناو خۆشیان بوونە.

لە گەڵ چەندین گروپی ئیسلامی دیکە بەردەوام لە جەنگدا بووە تا لە ئیدارەی ئەدلەب دەریانی کرد ( ئەحرار الشام, جیش وەتەنی سوری, داعش, لیواالاقسا". تەنانەت جێگرەکەی خۆی ابو ماریا ئەلقەحتانی و 300 لە یاوەرانی گرت, لە ململانێی ناو خۆیی بۆ دەسەڵات زیندانیانی کرد, دواتر بەهۆی نارەزایەتی خۆپیشاندان و فشاری تورکیاوە ئازادیانی کرد, کە لە مانگی ئازاری 2024 دا خۆپیشاندانی گەورە کرا دژی حکومەتەکەی جۆلانی بە دروشمی بروخێ جۆلانی دژ بە زیندانی کردنی خەڵک و سەپاندنی باجی زۆر بەسەر خۆراکی هاوردە لە تورکیاوە بە ناچاری ئازادیانی کرد.

پشتیوانانی هەیئەی تەحریری شام هاوکاریکەرانی هەیئەی تەحریری شام بریتین لەم وڵات و رێکخراو چەکدارانەی خوارەوە" تورکیا, ئۆکرانیا, قەتەر, ئەنساری ئیسلام, جنود قەوقاز, ئیخوان موسلمینی سوریا, کەتیبەی عەبالرەحمان, کەتیبەی تەوحید و جیهاد, کەتیبەی جەبەل ئیسلام, حیزبی ئیسلامی تورکستان, جوند ئەلمەهدی, مەلحەمە تەکتیکییە, کەتیبەی غورەبای ترکستان, جەیش مەجد, ئەکناف بەیت و الموقەدەس , جەیشی وەتەنی سوری".

ئەوەی جێگای سەرنجە تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی تا ئێستا گروپی ناوبراو لە لیستی تیرۆریدایە, بەڵام هاوکاریکەری سەرەکیشیەتی, سپۆنسەری بە دەسەڵات گەیشتنێتی.

لە ناوچەی حکومەتی ئینقازی سوری هەیئەی تەحریری شام, لە ساڵی 2020 وە لیرەی تورکی بەکار هاتووە, وە دەرگای سنووری بۆ ئاوەلا کردووە بۆ بازرگانیکردن و هات و چۆ, تەنانەت کارەباری ئەو ناوچانەو دابین کردنی ئامێرەکانی بەرهەم هێنانی کارەبای ئەو دەڤەرە تورکیا و قەتەر دابینی کردووە.

### کۆتایی

لە کۆتاییدا لە ولاتی نەزار قەبانی و حنا میندا, ئێستا سەرۆکەکەی تەوقە لە گەڵ وەزیرە ژنە گەنجە جوانەکەی ئەڵمانیا ناکات, بەڵام ئەو وەک شێخ مەحمود ناکات, لە گەڵ پیاوەکانیان چەندە کافر بن جگە لە تەوقە سەریش دادەنوێنێت.

کورد لە رۆژئاوا دوو ئەزموونی لەگەڵ شەرع هەیە, یەکیان لە یۆنی 2012 ەوە بازرگانی سوتەمەنی لە نێوانیان هەبووە وەک بەرژەوەندی, دووەمیان لە 11ی سەپتەمبەری 2017 ئامادە نەبوو دەستوورێک پەسەند بکەن جێگای رەزامەندی هەموو لایەک بێت ئەمەیان وەک باوەڕ.

ئێستاش پێویستە دەسەلاتداری رۆژئاوا بەزووترین بەرەیەکی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی پێک بهێنێت, هەموو پێکهاتەکان لە ژێر ئاڵاکەی کۆبکاتەوە, جۆلانی بۆی بگونجێت هەڵبژاردن و دەستووری پەسەندکراوی هەمو لایەک پەسەند ناکات, هەمان جەنگەکانی 2017 دژ بە لایەنەکان دووبارە دەکاتەوە, ئەمجا وەک دەوڵەت و دژ بە ئەو لایەنانەی کوشتنیان رێگە پێدراوی پیرۆزە لایان, ئەو تا مردن کورسی جێ ناهێڵێت, ئەوەی رویدا لە سوریا تەنها روخانی دکتاتۆرێک نەبوو, بگرە کارەساتی هاتنی وەحشییەکیش بوو.

هەرچەندە تورکیا لە کۆشکی کۆماری ئامادەیە, بەلام سوپای ئیسرائیلیش جەبەل شێخی گرتووەو 40 کیلۆمەتر لە دیمەشقەوە دوورە, سوریا لە گۆڕەپانی ململانێی ئێران و ئیسرائیلەوە دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی ئیسرائیل و تورکیا, لەو ململانێیەش رۆژئاوا پشت لە ئیسرائیل ناکات.

# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی سیانزەهەم**



**ئینتەرناسیۆناڵ: یەکێک لەو قسەوباسە گرنگانەی کە لە کاتی شۆڕشی ١٩٧٩ لەنێو چەپی ئێراندا لە ئارادا بوو، چۆنێتی و پێداویستییەکانی دامەزراندنی دیموکراتی بوو لە ئێراندا. لەو سەردەمەدا ئێوە و یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لە کۆمەڵە نووسینێکدا وەک " ئەفسانەی بۆرژوازیی میللی و پێشکەوتنخواز" و باقی ئەو نووسینانەدا کە دواتر بنەمای بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان پێک هێنا، بە تەواوەتی زەمینەی بابەتیی دامەزراندنی دیموکراسیی لیبراڵیتان لە ئێراندا، بە لێکدانەوەی تایبەتمەندییە ئابووری-سیاسییەکانی وڵاتێکی لەم چەشنە بردە ژێر پرسیارەوە. ئەمڕۆ لەبەر ڕۆشنایی ئاڵوگۆڕە جیهانییە گرنگەکانی ئەم ساڵانەی دوایی و هەروەها ئەو کۆمەڵە باسانەدا کە سەبارەت بە دیموکراتی لە دنیای ئەمڕۆدا خستتانە ڕوو، لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا دەڵێن چی؟**

**مەنسوور حیکمەت:** باسەکەی ئێمە لە شۆڕشی ٧٩دا و لەوانەش لەو نووسینانەدا کە باستان کرد، چوارچێوەیەکی ڕۆشن و سادەی هەبوو. خەڵک دژی ڕژێمی ئیستیبدادیی پاشایەتی شۆڕشیان کرد و ئازادییان دەویست و بەشی زۆری چەپ بەکردەوە، بە تەئکیدکردنی حیزبە سەرەکییە بۆرژوایی و وردەبۆرژواییەکان، ئەو خۆشخەیاڵییەی خەڵکیان پەرەپێ دەدا کە پێی وابوو، گوایە هاتنەسەرکاری ڕژێمێکی سیاسی غەیرە سەرکوتگەر، وە بە واتایەکی گشتیی دیموکراتیانە، بەبێ دەستکۆتاکردنی یەکجاریی بۆرژوازی، بەبێ هەڵکەندنی ڕەگ و ڕیشەی سەرمایەداری لە ئێران مومکینە. لە کاتێکدا یەکێکیان حوکوومەتی دیموکراسی بە حوکوومەتی کۆمەڵە مەخلوقاتێکی ئەفسانەیی وەک بۆرژوازیی میللی، وە یان وردەبۆرژوازیی دژی ئیمپرپالیست دادەنا و یەکێکی تر خۆی، وە یان چینی کرێکاری بە هۆکاری جێبەجێکردنی ئەم ئاڵوگۆڕە دیموکراتییە دەزانی. یەکێکیان ڕەنگە مۆدێلەکەی خۆی لە ئەورووپا و ڕۆژئاواوە وەرگرتبێت و ئەوەی تر لە شۆڕشە گەلییەکانی جیهانی سێیەمەوە. یەکێکیان لیبراڵ بوو و ئەوی تر دەوڵەتگەرا و خەڵکی. بەشێک لەم ڕەوتانە بێ ئەملا و ئەولا نکۆڵیی لە دەسەڵاتی سەرمایەداری لە ئێراندا کرد و لەو بڕوایەدا بوو کە ئەرکی شۆڕش تازەبەتازە بەدیهێنانی دەسەڵاتی سەرمایەدارییە، بێگومان لە جۆرە "خۆیی و چاک و سەربەخۆ"کەی، ئەویش لەبەرامبەر فیۆدالیزمێکی کۆلۆنیالیدا، کە بەقسەی ئەوان بەسەر وڵاتدا زاڵ بوو، وە سەرچاوەی ئیستیبدادی سیاسی پێک دەهێنا. هەر چۆنێک بێت، ڕووی هاوبەشی هەموویان، ئەوە بوو کە سەرمایەداری غەیرە سەرکوتگەرانەیان نەک هەر بە ئەگەرێکی واقیعی دادەنا، بەڵکوو وەک ئامانجی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژیشیان لەقەڵەم دەدا. هەر یەکەیان بە شێوەیەک ئیستیبدادیان لە دەسەڵاتی سەرمایە لە ئێران جیا دەکردەوە و سەرچاوەکەیان بۆ شتێک لەدەرەوەی ئەو ئەگەڕانەوە. بۆ یەکێکیان سەرچاوەی ئیستیبداد فیۆدالیزم و کۆلۆنیالیزم بوو، بۆ یەکێکی تریان ئیمپریالیزم و "وابەستەیی" و بۆ یەکێکی تریان ناپیشەسازیبوون و ناکامیبوونی گەشەی سەرمایەداری لە ئێران، یان گەشەنەکردنی فەرهەنگی پێشکەوتووی بۆرژوایی. لەبەرامبەر ئەمانەدا ئێمە ڕامان گەیاند، کە بێمافی سیاسیی خەڵک و دڕندەیی دەوڵەت و سەرکوت لە ئێرانی هاوچەرخدا، نە لەخۆوەیە و نە پیلانگێڕی بێگانەیە و نە ئاکامی دواکەوتوویی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری خەڵک و نە بەهۆی کەمی کارگە و سەرمایەداریی خۆوڵاتییەوەیە. ڕەگ و ڕیشەی ئەم سەرکوتە لە ئێران لە پێداویستییەکانی گشت سەرمایەدارییدایە. ئێمە ڕامان گەیاند کە هەبوونی ئەو ئازادییە مەدەنییانەی کە بە دیموکراتی ناو دەبرێن، وەک ئازادیی ڕادەربڕین، ڕێکخراوبوون و مانگرتن تەنانەت بە شێوە ڕۆژئاواییەکەیشی، لەگەڵ کاری هەرزان و کرێکاری خامۆش کە پێداویستییەکی بنەڕەتیی سەرمایەیە لە ئێران (وەک توێژێکی فراوانی وڵاتانی جیهان) ناکۆکی هەیە. سەرکوت لە ئێراندا نە ئامرازێکە بۆ داپڵۆسینی بۆرژواکان لە لایەن دەرەبەگەکانەوە و نە لێدانی بۆرژوا "نیشتمانی"یەکان لەلایەن بۆرژوا "وابەستە"کانەوە. ئەمە ڕژێمێکە کە گشت بۆرژوازی لەبەرامبەر چینی کرێکاری ئێراندا ڕای گرتووە و لە سایەیدا سەرمایە کەڵەکە دەکات. هەر کەسێک و بە هەر نیازێکەوە و بە هەر ڕەنگی ئاڵایەکەوە و بە هەر مۆدێلێکی ئابوورییەوە بیەوێت لە دنیای ئەمڕۆدا سەرمایەداریی ئێران بەڕێوە بەرێت، بە ناچاری پێش هەموو شتێک بنەماکانی ئەم سەرکوتە قایم دەکات.

ئێمە کاتێک ئەم قسانەمان دەکرد کە نەک هەر هێرشەکانی ٣٠ خورداد (مەبەستی لە هێرشی دڕندانەی ڕژێمی ئیسلامییە بۆسەر هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و بزووتنەوەی کرێکاری و چەپ و کۆمۆنیستی لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨٠دا/ و.) ڕوویان نەدابوو، بەڵکە هێشتا ئیسلامییەکان نەهاتبوونە سەرکاریش. سەردەمێک کە تیایدا لانیکەمی چاوەڕوانیی چەپی ڕادیکاڵی باو لە بۆرژوا و وردەبۆرژوا "پێشکەوتنخواز و دژەئیمپریالیستییەکان"یان، کە خەریک بوو دەگەیشتن بە دەسەڵات، ئەوە بوو کە ئازادی و دیموکراتی بێننەگۆڕ. ١٥ ساڵ و دەیان هەزار قوربانی بەسەر ئەو سەردەمەدا تێدەپەڕێت. پێم وایە ڕاستی و دروستی ئەو باس و وریاکردنەوانەی ئێمە بۆ هەر کەسێک کە ئازادیی سیاسی، تەنانەت بە بۆچونێکی لیبراڵی و دیموکراتییانەش خەمێکی ڕاستەقینەی بێت، شتێکی بەرچاو و ئاشکرایە. ئەگەر ئێستاش لەوە ئەچێ پاشماوەکانی چەپی ڕادیکاڵ دیسانەوە خەریکن جارێکی تر، ئەمجارە تەنانەت بە شێوەیەکی ساویلکانەتریش، پەیمانی ئێرانێکی بۆرژوا-دیموکراتیک بە خەڵک دەدەن، لەوێوەیە کە تەنانەت دیموکراسی خەمی واقیعییان نییە، بەڵکوو ناسیۆنالیزم و ئامانجی گەشەی پیشەسازی پێکهێنەری سەرەکییە لە پێناسەی ناسنامەی سیاسییاندا. دیموکراسی لای ئەمان مانای "دەوڵەتێکە کە دەکرێت تەحەمولی بکەیت" و دامەزراندنیشی بە قسەی زۆربەیان، لە هەندێک باڵی حوکوومەتی ئێستا، وە یان لە چەند لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی دەوەشێتەوە. بە بۆچوونی من ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە جیهاندا، چ وەک گەشەی تاتشەریزم لە هەشتاکاندا و چ ئەو گۆڕانکارییە مێژوویی و چەند قات گرنگترانەی ساڵەکانی دوایی واتە، داڕمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و ئاکامە فراوانەکانی، ڕاستی و دروستی تێڕوانینی ئێمە سەبارەت بە پەیوەندی ڕاستەوخۆی دیموکراسی بە جێگاوڕێگای ئابووریی بۆرژوازییەوە لەبەرامبەر چینی کرێکاردا سەلماند. بەریتانیا لانکی لیبراڵیزم و دیموکراسی بووە، بەڵام کاتێ چینی بۆرژوا مەیدانی ئابووری لە خۆی بەرتەسک دەبینێ و گوشاری بۆ دێت، تاتشەریزم دەکاتە ئایدیۆلۆژیی فەرمی خۆی و سەرەتاییترین مافە سەندیکاییەکانی کرێکاران و مافە مەدەنییەکانی جەماوەری خەڵک پێشێل دەکات. لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا، نەک هەر ڕۆشن بووەوە کە دیموکراسی نازناوی بازاڕ و ململانێ و فرەسەرمایەکانە، بەڵکوو ئەوەش کەوتە ڕوو کە گەشەی سەرمایەداریی تایبەتی و کەڵەکەی سەرمایە لەو وڵاتانەدا کە بنەمایەکی تەکنەلۆژیی لاوازیان هەیە، تەنها لە ڕێگەی هێنانەخوارەوەی ئاستی ژیانی کرێکاران و بەشی ئەوان لە بەرهەمی کۆمەڵایەتیدا دێتە دی و هیچی تر. ئەم مەسەلەیە دەستبەجێ دەربڕینی گونجاوی خۆی لە دەستەواژەی دیموکراتی هێنایە گۆڕ. دەربڕینێک کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ژۆرنالیزمە بێشەرمەکانی دەیەی نەوەتەکان ڕۆژانە دەرخواردی خەڵکی دەدەن. لێرەدا دیموکراسی ئیتر تەنانەت لە ئاستێکی ڕووالەتیشدا مانایەکی پێچەوانە بەدەستەوە دەدات. لێرەدا "دیموکرات" بەو هێزە جێمتمانانەی ڕۆژئاوا دەڵێن کە ئامادەن نرخەکان بەرەڵا بکەن و ئاستی گوزەرانی خەڵک بە تەواوەتی بێننە خوارەوە و لەبەرامبەر شەپۆلی نارەزایەتیی خەڵکدا، بار و دۆخی نائاسایی ڕابگەیەنن، مافە مەدەنییەکان بخەنە ژێرپێوە و ئیستیبدادی تاکەکەسی دامەزرێنن و مانگرتن و حیزبایەتی قەدەغە بکەن. دیموکراتی نازناوی دۆستە ڕاسترەو و دیکتاتۆررەفتارەکانی بانکی جیهانییە لەم وڵاتانەدا. بە هەر حاڵ، ڕۆشن بووەوە کە ئەو نیزامە پەرلەمانییەی بۆرژوازیی ڕۆژئاوا کە لە جامخانەدا هەڵیواسیبوو، لەگەڵ جێگەوڕێگەی ئابووریی بۆرژوازیی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و لەگەڵ پێویستییەکانی ئەم چینە لە سەرکوتکردنی بێڕەحمانەی هەر جووڵە و وەگەڕکەوتنێکی کرێکار لەم وڵاتانەدا نایەتەوە.

**ئینتەرناسیۆناڵ: بەم جۆرە بە ڕای ئێوە دامەزراندنی دیموکراتیی لیبراڵی لە ئێران و هاتنەسەرکاری کۆمارێکی پەرلەمانی کەم تا زۆر و بە هەمان پلە ئازادیی فەردی و مەدەنییەوە کە ئەمڕۆ لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا دەیبینین، لە توانادا نییە؟ بەڕای ئێوە تا چ ڕادەیەک ئاسۆیەکی لەم چەشنە، کە بە تایبەتی جێی سەرنجی ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵ و توێژاڵێکی فراوان لە ڕێکخراوە چەپەکانی دەورەی پێشووە، دەکرێ بەدی بێت؟**

**مەنسوور حیکمەت:** مەسەلە لەسەر ئیمکانبوون و نەبوونی "هاتنەکایەوە"ی دۆخێکی لەم چەشنە نییە، بەڵکوو لەسەر ئیمکانی دووبارە بەرهەمهاتنەوەیەتی وەک سەرخانێکی سیاسی لە کۆمەڵگادا. دیموکراتیی لیبراڵی لە ئێراندا لە حوکوومەتی مەلاکان دوورتر و نامومکین تر نییە. ئەو پرسیارەی کە بە هەمان شێوە لە بارەی خودی ڕژێمی ئیسلامیشەوە دێتەگۆڕ، ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک ڕژێمێکی سیاسی ئاوا دەتوانێت سەرخانێکی دووبارە بەرهەمهاتووی کۆمەڵگا و هەلومەرج و بنەمایەکی پایەداری هەڵچوون و داچوونە سیاسییەکانی وڵات بێت. ڕژێمی ئیسلامی لە فرسەتێکدا بەپێی هەلومەرجێکی سیاسیی دیاریکراو و لە وەڵام بە کۆمەڵە زەروورەتێکی مێژوویی دیاریکراو پەیدا بووە. بەڵام هەرگیز، تەنانەت دوای نزیک بە

بۆ لاپەڕە 13



## میرۆ عەبدولکەریم: : لە ئەگەری باڵادەستی هەردو بەرەی نوسرە و تورکیا لە سوریادا چارەنوسێکی باش چاوەڕێی هەسەدە و کورد ناکات.. هەم بۆ هێزە ئیسلامیەکان و هەمیش بۆ تورکیا ئیدارەی خۆسەری دوژمنێکی ئایدۆلۆژی و سیاسی و نەتەوەییە.

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ میرۆ عەبدولکەریم... سەبارەت بە دۆخی سوریاو ئایندەکەی...

**بۆپێشەوە: کەوتنی دەسەڵاتی خێرای دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، ئاکامی هیرشی بەرەی نوسرەو هاوبەشەکانی بە پشتیوانی دەوڵەتی تورکیا بوو، یان ڕێکەوتنی پیش وەختەو روداوێکی چاوەروانکراو بوو؟**

**میرۆ عەبدولکەریم:** ڕژێمی بەعس لە سوریا هەرگیز خاوەنی هەژمونێکی ئایدۆلۆژی نەبووە بۆ حوکم کردن، ئەوەی دەیان ساڵ ئەم ڕژێمەی لەسەر کار هێشتبووە دامودەزگای داپڵۆسێنەر و بە ڕێژەیەکی کەمتریش کڕینی وەلائی خەڵک بو. کاتێک بەهاری عەرەبی سوریاشی گرتوە، ڕژێمی بەعس بە دڕندانەترین شێوە وەڵامی داواکاری ڕەوای خەڵکی دایەوە. ڕاپەڕینی ئاشتیانەی خەڵک هەر زوو گەیشت بە بنبەست، بێ ئاسۆیی سیاسی لە وڵاتدا و دەستێوەردانی دەرەکی سوریای کرد بە مەیدانی ململانێی ناوچەیی و جیهانی. ئەوەی ڕژێمی بەعسی لە ماوەی سیانزەساڵی ڕابردودا لەم ململانیەدا هێشتبووەوە ئێران و حیزبوڵا و ڕوسیا بون، نەک توانای خودی ڕژێمەکە بۆ مانەوە و حوکم کردن. بەشێکی گەورەی سوریا پێشتریش لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا نەمابوو وەک ڕۆژئاڤا و ئیدلیب، زۆربەی ناوچەکانی دیکەش ئێران و میلیشیاکانی حیزبوڵا و گروپی واگنەر خستیانەوە ژێر دەسەڵاتی ئەسەد نەک سوپای بەعس. سوریای بەعس سوریایەکی داتەپیو و لەبەریەکهەڵوەشاوە بوو، بەڵام کەوتنی ئەم ڕژێمە بەو خێراییە چاوەڕواننەکراو بوو، تەنانەت بۆ خودی ئەو هێزانەشی کە ڕاستەوخۆ بەشداریان لە هەڵمەتی ڕوخاندنی ئەم ڕژێمەدا کرد. هەیئەی تەحریری شام و هێزەکانی دیکە خۆیان بۆ گرتنی دیمەشق ئامادە نەکردبوو، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە ڕژێمی بەعس شێرە پەڕۆینەیەکەو هیچ توانایەکی بەرگری نەماوە و نابێت دەرفەتی لەناوبردنی لە کیس بدرێت.

> **کەوتنی ئەم ڕژێمە بەو خێراییە چاوەڕواننەکراو بوو، تەنانەت بۆ خودی ئەو هێزانەشی کە ڕاستەوخۆ بەشداریان لە هەڵمەتی ڕوخاندنی ئەم ڕژێمەدا کرد. هەیئەی تەحریری شام و هێزەکانی دیکە خۆیان بۆ گرتنی دیمەشق ئامادە نەکردبوو...**

**بۆپێشەوە: ئەگەر سوپای رژێمی بەشار ئەسەد توانایی بەرگری نەبوو، بۆچی روسیاو ئیران، هیچ بەرگریەکیان نەکرد و پاشەکشەیان کرد، بەتایبەتی کە سوریا مەیدانێکی ململانێی نیوان ئەمریکا و روسیا لەلایەک و ململانێی ئیسرائیل و ئیران لەلایەکی ترەوە بوو؟**

**میرۆ عەبدولکەریم:** ئەسەد پاش سەرکەوتنی کاتی بەسەر هێزە نەیارەکانیدا ئەو وەهمەی بۆ دروست ببوو کە ڕژێمەکەی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بۆیە هەوڵیدەدا خۆی لە ئێران و حیزبوڵا دورخاتەوە، لە جەنگی ئیسرائیل–حیزبوڵا دا زیاتر هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیسرائیل دەدا تاوەک پشتگیری هاوپەیمانەکانی بکات، هیچ هەڵویستێکی جێی باسی بەرامبەر کۆمەڵکوژی غەزە نەبوو، دەیویست لە وڵاتانی کەنداو نزیک بێتەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی ئاسایی بکاتەوە. لە ناوخۆدا سیاسەتێکی کەللە ڕەقانەی بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن دەگرتە بەر و ئامادەی گفتوگۆ نەبوو، پێی وابوو دەتوانێت بە زەبر و زەنگ سوریا بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی پێش ٢٠١١. جەنگی ئیسرائیل حیزبوڵا و میحوەری مقاومەی بە تەواوەتی لاوازکردبوق، ئێران لەسەر ئاستی ناوچەیی لاواز بووە و ڕەنگە لەمەودوا هاوشێوەی کۆریای باکور ستراتیجی خۆی بۆ مانەوە پەیوەست کات بە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، بۆ ڕوسیاش لە ئێستادا جەنگی ئۆکرانیا لە هەموو بەرەکانی تر زیاتر گرنگی ستراتیجی هەیە، ڕوسیا پێی وایە گەر لە ئۆکرانیادا سەرکەوێت ئەوا دەتوانێت بەهێزتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جێگەکانی دیکە ئامادەیی هەبێت. ئەم فاکتەرانە و سەرەڕۆیی ڕژێمی بەعس وای لە هاوپەیمانەکانی کرد کە ئامادە نەبن بە هەمو نرخێک هەوڵی هێشتنەوەی ئەم ڕژێمە بێکەڵکە بدەن و توانای خۆیان لەم یاریە دۆڕاوەدا بە فیڕۆ بدەن. بە تایبەتی ڕوسیا کە بۆی گرنگ نییە کێ حاکم بێت لەوڵاتەکەدا، گرنگ ئەوەیە بەرژەوەندییەکانی پارێزراو بێت. ئەمریکا لە ئەفغانستان هەڵات، بەڵام ئەمە نەبوو بە هۆی شکانی هەژمونی سەربازی ئەمریکا لەناوچەکە. ڕوسیاش پێی وایە شکستێکی کاتی لە ناوچەکەدا باشترە لەسەرکەوتنێک کە تێیدا سەرو ماڵی تیابچێت.

**بۆپێشەوە: دوای گرتنە دەسەڵات لەلایەن بەرەی نوسرەو ئەحمەد شەرعەوە بە پشتیوانی تورکیا... بەکردەوە تورکیا بۆتە یاریچی سەرەکی لە تورکیادا، ئەمەش گورزێکی گەورەیە لە پیگەی جمهوری ئیسلامی لە سوریاو لە ناوچەکەدا... لەم ئالوگۆرەدا کە ئێران شکستخواردوو تورکیا سەرکەتوو... چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی سوریاو ناوچەکە دەبێت؟**

**میرۆ عەبدولکەریم:** کۆماری ئیسلامی ئێران لای خەڵکی سوریا بێزراوە، دەسەڵاتدارانی دیفاکتۆی دیمەشقیش هێندەی دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانن هێندە کێشەیان لەگەڵ ڕوسیا نییە، ڕوسیا تا ئێستاش لە سوریا ئامادەیی هەیە و دوو بنکەی ئاسمانی و دەریایی لە پێگەی ستراتیجیدا هەیە. لە بەرامبەردا تەنیا کارتێک کە کۆماری ئیسلامی بتوانێت بەکاریبێنێت لە سوریادا، هاوشێوەی عێراقی پاش ٢٠٠٣ ، شەڕی تایەیفییە: هەوڵدان بۆ ئەوەی دۆخی سوریا بە نا جێگیریی بمێنێتەوە. تورکیا لە بەرامبەردا کارتی زیاتری بەدەستەوەیە، هێزە ئیسلامیەکانی سوریا نزیکی ئایدۆلۆجیان لەگەڵ تورکیا هەیە، زۆربەیان دروستکراوی ڕاستەوخۆی تورکیان یان تورکیا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتیوانی کردون، تورکیا دەیەوێت سوریا بکات بە بە بازارێکی نوێ بۆ کاڵاکانی، ئایدۆلۆژیای نیۆ عوسمانیزم بەکاربێنێت بۆ کردنی سوریا (هاوشێوەی هەرێمی کوردستان) بە ناوچەیەکی جێی نفوزی ئیمپریالیزمی تورکی. هەروەها تورکیا دەیەوێت سوریا بکاتە گۆڕی ئیرادەی سیاسیی گەلی کورد.

**بۆپێشەوە: بەرەی نوسرەو بەتایبەتی ئەحمەد شەرع" جۆلانی" وەک سەرکردەیەکی تیرۆریست داواکراو و بوو لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە، کەچی زۆر زوو فایلی تیرۆریست بوونی کەنار خراو خەریکە ئەمریکا و غەرب مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و دەسەڵاتەکەی بەرەسمی دەناسن... چۆن دەڕوانە ئەو مامەڵەیەی ئەمریکا و غەرب و دیموکراسی بۆرژوازی؟**

**میرۆ عەبدولکەریم:** جەنگی دژە تیرۆر و تیرۆر وەک دوژمنی مرۆڤایەتی ئەفسانەیەکی ئیمپریالیزمی ئەمریکی بوو بۆ ڕەوایەتیدان بە داگیرکاری و دەستێوەردانەکانیان لە ڕۆژئاوا– و ناوەڕاستی ئاسیا و باکوری ئەفریقا. کاتێک موجاهیدان، بەهاوکاری دەزگای هەواڵگری سعودیە، پاکستان و سی ئای ئەی، لە چوار قوڕنەی دنیاوە بۆ شەڕی سۆڤیەت ڕویان لە ئەفغانستان دەکرد، عەبدوڵا عەزام و ئوسامە بن لادن لە لایەن ئەمریکاوە ناودەبران بە خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی، دواتریش کە بەرژەوەندیەکانیان دژی ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی وەستایەوە هەمان ئوسامە بن لادنمان لێکرا بە گەورەترین تیرۆرست و هەڕەشە لەسەر جیهان. تیرۆر ئامرازە نەک ئامانج، گەر تیرۆرستێک ئامانجی لەگەڵ ئامانجی دەوڵەتێکی لیبرالدا یەک بگرێتەوە ئەوا چاوپۆشی لە کردەوە تیرۆرستیەکەی دەکرێت و بگرە وەک خەباتی ڕەوا بۆ ئازادی بە خەڵک دەفرۆشرێتەوە، بەڵام گەر هەمان هێز ملەجەڕێی لەگەڵ نەزمی لیبرالی ڕۆژئاواییدا کرد ئەوا لە شەو وڕۆژیکدا دەکرێن بە تیرۆرست و دوژمنی مرۆڤایەتی و شارستانی. بەڵام نەزمی لیبراڵی هیچ کێشەی لەگەڵ هێزە فاشیستەکاندا نییە، ئەسڵەن هەندێک جار بونی هێزە فاشیستەکان بە گرنگ دەزانێت بۆ پاراستنی خاوەندارێتی تایبەت، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی سەرمایە و سەرکوتکردنی مارکسیزم و خەباتی دژە سەرمایەداری. خودی دیموکراسی لای لیبرالیزم تا ئەو کاتە شیاوی بەرگریلێکردنە کە زەرەری بۆ

> **ئیسرائیل دراوسێیەکی دەوێت کە چاوپۆشی لە تاوانەکانی بکات بەرامبەر بە خەڵکی فەلەستین، دراوسێیەکی دەوێت کە هیچ لەمپەرێك نەخاتە بەردەم سیاسەتی بە کۆڵۆنیکردنی فەلەستین و پاکتاویی ڕەگەزیی دانیشتوانەکەی.**

پەزەکان نەبێت، هەرکاتێک دیموکراسی بوو بە هەڕەشە بۆ سەر سەرمایە و لەسوعبەت دەرچو ئەوا لیبرالیزم دەبێت بە هاوپەیمانی فاشیزم.

**بۆپێشەوە: کۆتاییهاتن بە ڕۆڵی سەرەکی ئێران لە سوریادا، لە بەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسرائیلە، ئایا ئیسرائیل چۆن مامەڵە لەگەڵ تورکیاو بەرەی نوسرەو دەسەڵاتی دوای ئەسەد دەکات؟ ئایا ئیسرائیل دەتوانێت قبوڵی دەسەڵاتی هیز گەلی ئیسلامی بکات کە سنوری بە ئیسرائیلەوەیە؟**

**میرۆ عەبدولکەریم:** ئیسرائیل دراوسێیەکی دەوێت کە چاوپۆشی لە تاوانەکانی بکات بەرامبەر بە خەڵکی فەلەستین، دراوسێیەکی دەوێت کە هیچ لەمپەرێک نەخاتە بەردەم سیاسەتی بە کۆڵۆنیکردنی فەلەستین و پاکتاویی ڕەگەزیی دانیشتوانەکەی. ئیسرائیل لەپاش ڕوخانی ئەسەد لە ماوەیەکی کەمدا ٨٠٪ بۆ ٩٠٪ ی توانای سەربازیی سوریای وێرانکرد، تا حکومەتی داهاتوی سوریا نەبێت بە هەڕەشەیەکی ئەمنی وسەربازی بۆی. لە کاتێکدا هیچ لایەنێکی سوری تا ئێستا بە ئاشکرا دژایەتی ئیسرائیلی نەکردوە. ئیسرائیل وەک تورکیا نییە تاوەکو لە ڕێگەی بەکرێگیراو چەتەکانیەوە یان لە ڕێگەی ئەو هێزانەی کە نزیکی ئایدۆلۆجیان لەگەڵی هەیە کاریگەری بخاتە سەر سیاسەتی سوریا. هەرچەند هەندێک لایەنی ئیسرائیلی دەیانەوێت بابەتی "کەمایەتی نەتەوەیی و ئاینی" بەکاربهێنن بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئیسرائیل لەسوریادا ، بەڵام ئیسرائیل بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی باڵادەستی سەربازیەوە (بە هاوکاریی ئەمریکا) دەیەوێت "ئاسایشی نەتەوەیی" خۆی بپارێزێت. ئیسرائیل کێشەی لەگەڵ ئیسلام و هێزی ئیسلامی نییە (ئەو تێروانینە بانگەشەی هێزە ئیسلامییەکان و هەندێک زایۆنیدۆستە)، بەڵکو کێشەی لەگەڵ هێزێک هەیە کە بەرگری لە خەڵکی فەلەستین بکات، ئیسلامی بێت یان عەلمانی. گەر هێزە ئیسلامیەکانی سوریا خۆیان لە پشتیوانی بۆ دۆزی ڕەوای خەڵکی فەلەستین بە دوربگرن و چاوپۆشی لە داگیرکاریەکانی ئیسرائیل لە بەرزاییەکانی جۆلان بکەن، ئەوا ئەم دەوڵەتە هیچ کێشەی لە هاتنەسەرحوکم و مانەوەیان نییە. بەڵام ئیسرائیل وەک هێزێکی دوربین دڵی تەنیا بە دەربڕینی نیازپاکی ئاوناخواتەوە ودەیەوێت ئەو دەوڵەتەی دەبێت بە دراوسێی لە ڕوی سەربازیەوە لاوازبێت.

**ئیسرائیل بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی باڵادەستی سەربازیەوە (بە هاوکاریی ئەمریکا) دەیەوێت "ئاسایشی نەتەوەیی" خۆی بپارێزێت. ئیسرائیل کێشەی لەگەڵ ئیسلام و هێزی ئیسلامی نییە (ئەو تێروانینە بانگەشەی هێزە ئیسلامییەکان و هەندێك زایۆنیدۆستە)، بەڵکو کێشەی لەگەڵ هێزێك هەیە کە بەرگری لە خەڵکی فەلەستین بکات، ئیسلامی بێت یان عەلمانی...**

**بۆپێشەوە: لانی کەم لە ڕوکەش و لە ئێستادا، ئاڵوگۆڕ لە ئامانجی بەرەی نوسرەو دیدی ئەحمەد شەرعدا دەبینرێت بۆ دەسەڵاتدارێتی، باس لە سوریایەک دەکەن کە مافی هەمووان دەپارێزێت، چۆن دەڕوانە ئەم ئاڵوگۆڕە؟**

**میرۆ عەبدولکەریم:** ئەبوو محەمەد جۆلانی و هەیئەی تەحریری شام یان بەرەی نوسرەی پێشوو هەر زو ڕەوتی خۆیان لە داعش جیاکردوە. بە پێچەوانەی داعشەوە ئەمان دەوڵەتێکی ئیسلامییان دەوێت لە سنوری دەوڵەت- نەتەوەی مۆدێرندا، دەیانەوێت دامودەزگای سەرکوت و ئایدۆلۆژیی دەوڵەت بەکاربهێنن بۆ بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە. بەڵام مۆدێلی سەرمایەداریەکی نەتەوەیی- ئیسلامی داخراو و گۆشەگیر بە کەڵکی دەسەڵاتدارانی دیمەشق نایەت و سوریا بە چارەنوسی ئێران دەبات، بۆیە جۆلانی دەیەوێت هاوشێوەی نیۆعوسمانیەکان ڕەفتار بکات و ئایدۆلۆژیای ئیسلامیزم بەکاربهێنێت بۆ کردنی سوریا بە تاقیگەیەکی نوێی سیاسەتی نیۆلیبراڵی و کەڵەکەکردنی بەرایی. ئەم جیاوازە جەوهەریەی لێدەرچێت ئەوی دیکەی تەنیا خۆ گونجاندنە بۆ بە بەدەستهێنانی شەرعیەتێکی نێودەوڵەتی و کڕینی کات لە ناوخۆدا بۆ خۆ بەهێزکردن و خۆ سەپاندن. هێزە چەپ و مارکسیەکان دەبێت لەو تێڕوانینە دورکەونەوە کە پێی وایە هێزە ئیسلامیەکان پراگماتی نین، یان پاشماوەی دنیای کۆنن و توانای سیاسەتیان نییە لە چوارچێوەی دەوڵەت- نەتەوەی مۆدێرندا. بە پێچەوانەوە بەرەنگاربونەوەی بۆرجوازیی نەتەوەیی- ئیسلامی بۆ هێزە چەپ و مارکسیەکان زۆر زەحمەتترە. چونکە ئەم هێزانە دۆگمایی نین، دەتوانن لە پاڵ دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەتیدا زۆر بونیادی ئاینی و کلتوری بخەنە خزمەتی ئایدۆلۆژیای خۆیانەوە، بەپێی گۆڕانکاریەکانی سەردەم سیاسەتی خۆیان دەگۆڕن، هەم لەگەڵ شەپۆلی زیندوبونەوەی فاشیزم لەسەر ئاستی جیهان دەگونجێن و هەم لەمێژووشدا زۆر نمونەمان دیوە کە کۆمەڵگەی نێودەولەتی لە ژێر هەژمونی ئەمریکادا ئەم بۆرجوازیەی

وەک ئەهوەن و شەڕەین سەیرکردوە، زۆرجاریش بگرە ڕاستەوخۆ پشتگیریکردوە و بەخێوی کردوە تا لە ڕێگەیەوە هێزە مارکسی و دژە سەرمایەداریەکان لاواز بکات. زەقترین نمونەش ئەو هەمو ڕوماڵ و گرنگیدانە میدیاییە بەم کەسایەتیە، کەوەک زیلینیسکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی دەردەخات، هەمیش بە "گۆڕان" ی ئیسلامیەکان. مامەڵەکردنی هەندێک میدیای لیبراڵی بەم چڕیە لەگەڵ ئەم (کۆنە) تیرۆرستەدا بۆ نیشاندانێتی وەک تاکە بەدیلی سوریا لای خەڵک. ئەمەش هەمان مامەڵەی میدیاکانی ڕۆژئاوامان بیردەخاتەوە لەگەڵ خومەینی لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا. زۆربەی دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان نایەوێت سوریا بگۆڕێت، دەیانەوێت تەنها گۆڕانکاریەکی فۆرماڵی بکرێت و جۆلانی بخرێتە جێگەی ئەسەد. لە کاتێکدا ئەو ڕاستیە دەزانن بەشێکی گەورەی خاکی سوریا لەدەستی ئەم هێزەدا نییە و بەشێکی زۆری خەڵکیش ئامادەی قبوڵکردنی ئەم هێزە نین.

**بۆپێشەوە: لە سایەی باڵادەستی دەوڵەتی تورکیا لە سوریاو دەسەڵاتی بەرەی نوسرەدا، چارەنووسی دەسەڵاتی هەسەدە چی بەسەر دێت؟ ئایا دەکرێ چاوەڕوانی لە دەسەڵاتی تازەی سوریا بکرێت، بۆ مل دان بە خواستی سیاسی خەڵکی کورد لە سوریادا؟**

**میرۆ عەبدولکەریم:** لە ئەگەری باڵادەستی هەردو بەرەی نوسرە و تورکیا لە سوریادا چارەنوسێکی باش چاوەڕێی هەسەدە و کورد ناکات.. هەم بۆ هێزە ئیسلامیەکان و هەمیش بۆ تورکیا ئیدارەی خۆسەری دوژمنێکی ئایدۆلۆژی و سیاسی و نەتەوەییە. ڕۆژئاڤا خاوەنی تێڕوانینێکی جیاواز و بگرە تەواو پێچەوانەی ئیسلامیەکانی هەیە بۆ دەوڵەت، کۆمەڵگە، ژن و سیاسەتی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان و ئابوری ئەم پراکسیسە تەنانەت لە پڕۆگرامی خوێندنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە خوێندنێکی پلورالیستی سکۆلاریستە سەبارەت ئاینە جیاوازەکان، پێکهاتە جیاوازەکان و ڕەهایی ژن. لە کاتێکدا تێڕوانینی ئیسلامیەکان تێڕوانینێکی

پیاوسالارانە، بەدگومانانەی تۆڵەسێن و خۆسەپێنە، کە درەنگ یا زوو بە دێواندن و پەراوێزخستن و سەرکوتی- ژنان ، پێکهاتە جیاوازە ناسوونی و نا موسوڵمانەکان کۆتایی دێت. ئەم هێزە ئیسلامیانە و سپۆنسەرە تورکیەکەیان بیریان نەچوەتەوە کە لەسەردەستی یەپەگە و یەپەژە و دواتریش هەسەدە چەندین جاریش شکستی سەرشۆڕکەرانەیان دەرخوارد دراوە. هەیئەی تەحریر دەیەوێت ببێت بە جێگرەوەی ئەسەد لە سوریادا و هەمو هێزەکانی دیکەی وڵات بخاتە ژێر ڕژێمێکی سەرمایە دۆستی سەرکوتگەری فاشیەوە ئەم نیازەش بە لەناوبردنی هەسەدە و هێزە خۆبەڕێوەبەرەکانی دیکە سەردەگرێت. سەبارەت بە تورکیاش دۆخی نمونەیی بۆی دۆخێکە کە کورد ئیرادەی سیاسی نەبێت، لە حاڵەتی نەبونی ئەم ئیمکانیەتدا ئیمپریالیزمی تورکی هێزێکی کوردی هاوشێوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەوێت، کە وەک جۆرێک لە بۆرجوازی کۆمپرادۆر خزمەتی سەرمایەی تورکیا بکات.

**بۆپێشەوە: لەناو دڵی دۆخی سوریای دوای ئەسەد و دەسەڵاتی تازەدا، هیچ شانس و دەرفەتێک بۆ هاتنەمەیدانی بزوتنەوەی شورشگێرانەی چەپ و ئازادیخوازی هەیە؟**

**میرۆ عەبدولکەریم:** من بەداخەوە زۆر ئاگاداری هێزە چەپەکانی ناوخۆی سوریا نیم، میدیای نەزمخوازیش دەیەوێت دیکتاتۆریەکی نوێ ڕاست بکاتەوە و دەنگی هێزە ئازادیخوازەکان دەخاتە پەراوێزەوە؛ بۆیە ئاگاداری لە دۆخی بزوتنەوە چەپ و شۆڕشگێڕەکان لە ناوخۆی سوریادا ئاسان نییە. بەدڵنیاییەوە ڕوخانی ڕژێمی بەعس و لەناوچونی ئەم دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ هێزە شۆڕشگێڕە مارکسی و چەپەکان، من باوەڕم وایە لەم کاتەدا هێزە مارکسی و شۆڕشگێڕەکان پێویستە لەگەڵ هەمو هێزە دژە سەرمایەدارەکان لە ئەنارکیست و کوێرفرۆنت لە هەمو پێکهاتەو نەتەوەکان بەرەیەک پێکبهێنن، بەرگری لەهەمو شێوازەکانی خۆبەڕێوەبەریی و دیموکراسیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بکەن.

لە مامەڵەشیان لەگەڵ هێزە لیبرالیەکاندا بە هەموو شێوازێک دژی لیبرالیزمی ئابوری بوەستنەوە، چونکە لیبرالیزمی ئابوری باوکی فاشیزمە. هێزە مارکسی و چەپەکانی سوریا نابێت سۆسیالیزم و دیموکراسی وەک پرۆژەیەک بۆ سبەینێ سەیرکەن، بەڵکو وەک ئامانجێکی هەنوکەیی. وەگەرنا دەبن بە بەشێک لە ئاپاراتی ئایدۆلۆجی و سەرکوتگەریی دەوڵەت، ئیتر ئەوکات زۆر جیاوازی نییە دەوڵەتەکە عەلمانی بێت یان ئیسلامی بێت....

**هێزە مارکسی و چەپەکانی سوریا نابێت سۆسیالیزم و دیموکراسی وەك پرۆژەیەك بۆ سبەینێ سەیرکەن، بەڵکو وەك ئامانجێکی هەنوکەیی. وەگەرنا دەبن بە بەشێك لە ئاپاراتی ئایدۆلۆجی و سەرکوتگەریی دەوڵەت...**

## درێژەی...چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

دەیە و نیوێک هێشتا نەبۆتە بنەمایەکی سیاسیی مەقبووڵ و ئاسایی سەرمایەداری لە ئێراندا. کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدان بە هەر رۆژێکی ژیانی پێویستە سەرلەنوێ خوێن برێژێ، سەرکوت بکات و بەرنامە داڕێژێ. پەرلەمان و دەستووری لیبراڵییانەش لەوانەیە لە سایەی هەلومەرجێکی مێژوویی دیکەدا وەک ڕووداوێک و وەک ڕێکەوتێکی سیاسی لە ئێران خۆی نیشان بدات. لەوانەیە زەخت و زۆری نەوەیەکی دیاریکراو لە پەرلەمانتاریستەکان، بێ ئاڵتێرناتیڤی ئۆپۆزیسیۆنەکان و دەخاڵەتی سەربازیی لایەنگرە جیهانییەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە و دەیان فاکتەری پێشبینی نەکراوی دیکە تەنانەت ڕێگە خۆش کەن کە ئەم پەرلەمان و پێودانگە لیبراڵییانە چەند ڕۆژێکش بمێننەوە. بەڵام ڕاستییەک کە لەم نێوەدا نابێت لەبیر بکرێت ئەوەیە، ئەم ڕژێمە پەرلەمانییە ڕیشەی لە ئابووریی سیاسی کۆمەڵگە و بە دیاریکراوی لە شێوازی دەرکەوتنی سیاسیی بۆرژوازی ئێران و جۆری ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیی چینی دەسەڵاتدار لەبەرامبەر کرێکاردا بەوە پایەدار نییە کە جارێکی دیکە لێیەوە سەر دەرناهێنێتەوە و دروست نابێتەوە. ئەم پەرلەمانەش پێویستە لە لایەن کۆمەڵە کەسێکەوە بە زەبروزەنگ و بە پێچەوانەی مەیلی بەشی سەرەکیی چینی بۆرژواوە، کە لە مەیدانی ئابووریدا چالاکە لەسەر پێ ڕاگیرێت، ئەگینا باڵی چەپ، یان ڕاست شتێکی دیکە دەخەنە جێگای.

بەڵام گیروگرفتێکی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەر خودی دروستبوونی نیزامێکی پەرلەمانی و لیبراڵی، تەنانەت ئەگەر وەک یەک ڕێکەوتی مێژووییش بێت، هەر چۆنێک بێت پێویستی بە هەبوونی پارتگەلی لیبراڵی و نەریتی خەباتی لیبراڵی هەیە، کە ئەمەش لە کۆمەڵگای ئێراندا نییە. نیزامی لیبراڵی هەر چۆنێک بێت، پێویستی بە چەند کەسێکی لیبراڵ هەیە! کەسانێک کە ئەمڕۆ بە هەڵە لە ئۆپۆزیسیۆندا بە لیبراڵ ناو دەبرێن، لە ڕاستیدا بریتین لە کەسانێکی کۆماریخواز و ناسیۆنالیست کە تەنها مێژەریان لەسەر نییە (تەنانەت مەرج نییە عەلمانی و غەیرە دینیش بن)، کە تا ئەمڕۆ بچووکترین پابەندبوونی خۆیان بە پێودانگ و بنەماکانی لیبراڵیزمەوە، جا ئەم لیبراڵیزمە هەر چی نرخێکی هەبێت نیشان نەداوە. ئەمانە کاتێک باس لە پەرلەمان و پلۆرالیزم دەکەن، مەبەستیان لە شتێکی وەک کۆریای باشوور، یان تورکیایە. بەم پێیە پوختەی قسەکانی من لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەوەیە کە دیموکراتی و سیستەمی پەرلەمانی لیبراڵ، نە لەگەڵ پێویستییە ئابوورییەکانی سەرمایە و بۆرژوازیی ئێراندا دێتەوە و نە هەرگیز بە شێوەیەکی جیددی لە لایەن بەشێکی ئەم چینەوە داوا دەکرێت. هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە ئەگەری دروستبوونی کەمە و ئەگەری مانەوەشی وەکوو واقیعەتێکی ڕاوەستاو و دووبارە بەرهەمهاتوو لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگادا سفرە.

**درێژەی دەبێت...**

# هێزی چینی کرێکار لە یەکگرتووبوون و ڕێکخراوبوونیدایە!

## درێژەی دوا وتە

ستەم و بیمافی خەڵکی کورد لە تورکیادا، بەر لەهەموو ریشەی لە ستراکتۆری دەوڵەتی تورکیاییە. دەوڵەتی تورکیا لەرۆژی پێکهاتنیەوە بە دیاریکراوی لە چوار دەهەی رابردوودا، رۆژ بەرۆژ ئاستی سەرکوت و بیمافی خەڵکی کوردی زیاد کردووەو گەیاندویەتی بەو پەڕێ دڵرەقی و سڕینەوەی لە ڕێگای سەرکوت و چەک و کاولکاری و تا رادەی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکرا و سوتماککرن و وێرانکاری. بەو ئەندازەی ئەم سیاسەتە سەرکوتکەرانەیە درێژەی پەیدا کردووە نارەزایەتی و تورەیی سیاسی و جەماوەری و کۆمەڵایەتی هەڵکشاوە. بەو ئەندازەیە ئاستی تاوانەکانی تورکیا زیادی کردووەو هەڵکشاوە، پرسی کوردیش لە ئاستی ناوچەکەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، گەورەتر بووە و تاردەیەکیش رەوایەتی بەخشتوە بە هیزە چەکدار و نەیارەکانی توکیا.

ئەم برگەیە کە ئیستا و جارێکی تری باسی چارەسەری پرسی تیا هێنراوەتە گۆڕ، بەجیا لە لایەنی مێژووی ئەم پرسەو هەولەکانی تر بۆ چارەسەری ئەم پرسە... دۆخی تازەی ناوچەکەیە. بەدیاریکرای بەدوای ڕاپەرینی "بەهاری عەرەبی" و خۆپیشاندانەکانی سوریا، کە دەسەڵاتی بەشێکی زۆری کوردستانی سوریا کەوتە دەستی هیزەکانی یەپەگەو پەیەژە. دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆجێی و دوور راگرتنی ئەم ناوچەیە لە شەری ناوخۆیی سوریا، سەرەتا ئالۆگۆرێکی گەورە بوو لەلایەکەوە بەسودی ناسیونالیزمی کورد و هیزە سیاسیەکانی لەلایەکی تر نەک هەر بەزیانی دەوڵەتی تورکیا، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی ئەو پرسەی لەهەموو ناوچەکە هەوڵی سڕینەوەو لەناوبردنی بەتایبەتی لەلایەن تورکیاوە دەدرا، ببێتە سەکۆ و مەیدانێکی تر بۆ ململانێی نیوان ناسیونالیزمی تورک و کورد، ئەم دۆخە نەک هەرە قەرەبووی گوشارە سەربازییەکانی تورکیای بۆسەر هیزەکانی پەکەکە و ناوچەکە کردەوە، بەڵکو بەتەواوەتی باڵانسی هیزی بەسودی پەکەکە گۆڕی و پرسی کوردیشی لە سوریادا، خستە سەر نەخشەی روداوەکانی ناوچەکە. بەرەنگاری و تیکشکاندنی هیزەکانی داعش، دامەزراندی دەسەڵاتی خۆجێی و بە ناوەرۆکێکی پیشکەوتنخوازانەی مافی هاوڵاتی بوونەوە، تا دەگاتە مافی ژنان و هیزی چەکداری رێکخراو....تاد،

لەو کاتەوە دەوڵەتی تورکیا، هەموو هەوڵی ئەوە بوو لەلایەکەوە کۆتایی بەدەسەڵاتی یەپەگەو هەسەدەی نزیک لە پەکەکە بهێنێ و لەلایەکی تریش لەڕیگای ئۆپەراسیۆنی سەربازی هیزەکانی پەکەکە تیک بشکێنێ و لەناو خۆی تورکیاش دەست پاریزی نەکرد و هەموو دەنگیکی کپ دەکردەوەو دەرگای زیندانەکانی بۆ کاراکتەرە سیاسیەکان کردە مەیدانی سزای سیاسی.

ئەم رەوەندە بەجیا لەوەی تورکیای لە ئاستی نێودەوڵەتی و رای گشتیدا، بەتایبەتی کە بە ئاشکرا لە پشت گروپە تیرۆریستەکانی وەکو داعش و هاوشێوەکانی بوو، تەریک و ریسوا کرد، بووە مایەی پشتیوانی جیهانی بۆ هیزەکان و دەسەڵاتی رۆژئاواو ناکامی بۆ دەوڵەتی تورکیا.

روداوەکانی ئەم دوایە و ئاکامە چاوەروان نەکراوەکانی، کە بەروخاندنی دەسەڵاتی ئەسەد و هاتنە سەرکاری "دەستەی رزگاری شام و هیزە ئیسلامیەکانی تر" بە پشتیوانی تورکیا، گەیشت... لەگەڵ ئەوەدا پیگەی تورکیای بەهیز کردو ئیرانی هاڕی، بەڵام پرسی کورد بەهیزی خۆی بۆتە واقعیەتیکی حاشاهەڵنەگر لە سوریادا و لەپاڵ مانەوەی پرسی کورد لە تەواوی ناوچەکەدا.

بۆ خوێندنەوەی پرۆسەی ئاشتی!! لە ئیستادا کە دەوڵەت باخچەلی و ئەردۆغان و هیزەکانی تر خستویانەتە روو، دەبێ تەواوی ئەم دۆخە و ئاڵوگۆرەکانی لە ناوچەکەدا لەبەرچاو بگرین.

لەگەڵ ئەوەدا دەوڵەتی تورکیا وەکو لایەنی سەرکەوتوو لە روداوەکانی ناوچەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام ئایندەی ئەو پێگەیەی ئیستای نادیار و ناجیگرە و رووبەرووە لەگەڵ هیزگەلێکی تری ناوچەیی و کاردانەوەی جەمسەرە جیهانیەکان، بەتایبەتی دەوڵەت ئیسرائیل ناتوانێت قبوڵی دەسەڵاتێکی ئیسلامی تر لەگەڵ سنورەکانی خۆی بکات، جۆلانیش ناتوانێت یەکریزی ناوخۆیی سوریا و لایەکان بپارێزێت و هیچ ماف و ئازادییەکی سەردەمی بۆ هاوڵاتیانی بەرەسمی بناسێت و گیرانەوەی دۆخی سەقامگیری بۆ دۆخی سوریا سەخت و نا پیشبینی کراوە و بەشیک لەو دۆخەش پەیوەستە بەخودی دەوڵەتی تورکیاو و سیاسەتەکانی.

لە ئیستادا تورکیا دەیەوێت بەرەکانی جەنگی خۆی سنوردار بکاتەوە و هێندەی بکرێت ئارامییەک بۆ ناو تورکیا و ناوچەکە بگێرێتەوە.. مەرجێکی ئەو روانگەیەش چوونە ناو پرۆسیەکی گفتوگۆییە... بۆیە لەگەڵ ئەوەدا بەدەستێک هەرەشەو جەنگ و کوشتار و هەرەشەی کۆتایهێنان بۆ ئەزموونی دەسەڵاتی خۆجیی سوریا دەکات و بەپاساوی جەنگ لە دژی تیرۆر و مەترسی دابەش بوونی سوریا، بە دەستکیش دەیەوێت دەستی تەوقە درێژ بکات بۆ گفتوگۆو سازانێکی ئامانجدارانە کە ئامانجی چەک داماڵین لە پەکەکەیە لەڕیگای سەرۆکی زیندانی کراو عەبدوڵا ئۆجەلانەوە.

دەوڵەتی توکیا لە ئیستادا مەترسی سەرەکی کە رووبەرووی خۆی دەبینێت، کوردستانی سوریا و پرسی کوردە و دەیەوێت بەهەر نرخێک بووە، هەم دەسەڵاتی خۆجیی لە سوریا کۆتایی پیبهێنێت و هەمیش مافە زەوتکراوەکانی خەڵکی کورد زمانی سوریا، حاشا لێبکات. لە پێناو ئەو ئامانجەیدا ئامادەیە لەم بڕگەیەدا زمان نەرمی بەرامبەر بە پرسی کورد لە تورکیادا بەدەستەوە بگرێت. بەڵام هیشتا بەکردەوە هیچ هەنگاوێکی بەکردەوەی نەناوە، لە پیش هەموویانەوە ئازادکردنی ئۆجەلان و هەزاران زیندانی سیاسیی و دەستهەڵگرتن لە ملیتاریزە کردنی شارەکانی کوردستان و سەرکوت و زیندان و کوشتار و بیمافی.

بۆ ئەوەی خەڵکی ئازادیخوازی تورکیاو ناوچەکەو کوردستان، هەوڵ و بانگەشەکانی دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بە پرسی چارەسەری!! بە جدی بگرن، دەبێ هەنگاوی بەکردەوە و لەڕیگای بەرەسمی ناسینی پرسی سیاسی کورد لە تورکیادا، بەفەرمی بناسێت.

عەبدوڵا مەحمود

**ناوەراستی جەنیوەری ٢٠٢٥**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
توانا محەمەد نوری، میرۆ عەبدولکەریم، عەلی مەحمود محەمەد، ڕێبوار عارف، بەندی عەلی، وریای ڕەسام، نەجم محەمەد، سەلام سەعید، ، کاوان قادر،ڕووزار، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، ڕێبوار حەمەشەریف...

دۆسیەی ژمارە "هۆکارەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و لێکەوتەکانی"؟

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

## دوا وتە

## پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری!!

لە ئۆکتۆبەری ساڵی رابردووە و بەدیاریکراوی بە دوای لێدوانی (دەوڵەت باخچەلی) سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورک و دواتریش ئەردوغان، جارێکی تر باسی پرسی چارەسەری لە تورکیا هاتۆتە گۆڕێ.

لێدوانی ئاشتیخوازانە!!ی دەوڵەت باخچەلی و ئەردوغان لە چەشنی "دەستی ئاشتی بۆ خەڵکی کورد درێژ دەکەن!" "ئەگەر هەر تورکێک کوردی خۆش نەوێ تورک نییە، هەر کوردێکیش تورکی خۆش نەوێت کورد نییە!"

دواتریش پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان و پیداگری لەسەر" بەهێزکردنی برایەتی کورد–تورک" و بانگەوازی لایەنە سیاسیەکانی تورکیا بۆ دەست پێشخەری و پیشوازی لە لێدوانی باخچەلی و ئەردۆغان، ئامادەیی بۆ رۆڵ بینین" راگەیاندنی ئەوەی "سەردەم، سەردەمی ئاشتی و دیموکراسی و برایەتییە بۆ تورکیا و ناوچەکە"... پاشانیش بەردەوامی دیدار و سەردانەکان و پشتیوانی سەلاحەدین دەمیرتاش و پەکەکە لەم پرۆسەیە... سەرەتای دەورەیەکی نوێ لە ململانێی و کیشمەکیشی نیوان دەوڵەتی تورکی و بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی کوردایە، بەڵام لە دوخێکی تازەو هەستیاری ناوچەییدا.

دەوڵەتی تورکیا کە هۆکاری سەرەکی و سەرچاوەی هەڵاواردنی نیوان هاوڵاتیانی تورکیاو بەدیاریکراوی نیوان تورک و کوردە، هێنانە گۆڕێ باسی پرسی چارەسەری، دەبێ پێشوازی لێبکرێت، هاوکات بەوردییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.


دەوڵەتی تورکیا، لە رۆژی پیکهاتنیەوە ناسنامەی تورکی داوە لەناوچەوانی هەموو تاکێکی تورکی بێ لەبەرچاوگرتن و بە فەرمی ناسینی مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان، ئەمەش سەچاوەی ئەو جیاکارییە میژووییە کە لە تورکیادا پیکهاتووەو بۆتە سەرچاوەی ئاڵۆزی و بەیەکدادن و خوێن رشتن... خوێن رشتنێک کە بناغەکەی رەتکردنەوەی مافی هاوڵاتی بوونی نا تورکەکانە لە تورکیادا.

هەوڵی سڕینەوە و حاشاکردن لە ناسنامەی کورد بوون، ئەم ئاراستەیە کە دەوڵەتی تورکی لەسەر دامەزراوە، و هاوکات بۆتە سەرچاوەی کاردانەوەی خەڵکی کورد لەدژی رژێمەکەی. رێرەوی هەڵاواردن و بیمافی هاوڵاتیانی کورد، بۆتە تایبەتمەندیەکی دەوڵەت. ئەم تایبەتمەندی رەتکردنەوە و سرینەوەیە لە جێگای ئەوەی پرسی کورد خامۆش بکات و بسرێتەوە، بۆتە هۆی گەورەبوون و باڵاکردنی، ئا ئەو ئاستەی کاردانەوەی لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کردۆتە واقعیەتێکی جێکەوتوو.

گەورەبوونی ئەو پرسەو هاتنە مەیدانی دەیان حزب و لایەنی سیاسی لە ژێر ناوی وەستانەوە بەرامبەر بە

بۆ لاپەڕە 13

## "نان" بەندی عەلی



# نان

بۆ هێندە باسی نان دەکەن
کێ دەڵێ نان دەستناکەوێ؟!

هێندەی بەسە،
لە کەنار ڕووباری شەرم و شورەییدا
شکۆت بکەی بەشۆڕەبی،
یان وەکو دارێکی ڕووتی پاییزانێ
لیباسی ژێرەوەی ویژدان،
بدەی بەدەم ڕەشەباوە..
هێندە کوفری نیعمەت مەکەی،
چی زۆرە لەم نیشتمانە..
نانی وشکەو بە شەونمی
ساردی هەنی .. تەڕ کراوە!




## کۆچی مەلەکان... بەرهەمێکی نوێی هونەرمەند وریای ڕەسام